دامەزراوەی ڤــیژن
بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجـــی

# دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# (VFSS)

**زنجیرەی توێژینەوە و پۆڵسیەکانی دامەزراوەی ڤیژن (VFRPS)**

ژمارەی بڵاوکراوە: VFSS-PP-2026-005

جۆری بڵاوکراوە: پۆڵسی پەیپەر

بڵاوکەرەوە: دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

بەرواری بڵاوکردنەوە :ئابی ٢٠٢٦

## دوای سەدەیەک لە نمایشی جۆراوجۆر

## پەیوەندیی نێوان شار و شانۆ لەدیدی شانۆکارانەوە – سلێمانی بە نموونە

توێژەر:

**د. سەردار محمد**

**زانیاری بڵاوکراوە**

**دوای سەدەیەک لە نمایشی جۆراوجۆر**

**پەیوەندیی نێوان شار و شانۆ لەدیدی شانۆکارانەوە – سلێمانی بە نموونە**


دامەزراوە: دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، بەشی توێژینەوەکان

زنجیرە: زنجیرەی توێژینەوە و پۆڵسیەکانی دامەزراوەی ڤیژن (VFRPS)

ژمارەی بڵاوکراوە:  VFSS-PP-2026-005

جۆری بڵاوکراوە : پۆڵسی پەیپەر

زمان :کوردی (سۆرانی)

یەکەم چاپ :ئابی ٢٠٢٦

ISSN:  لە چاوەڕوانی تەرخانکردن

DOI:   لە چاوەڕوانی تەرخانکردن

www.visionfoundationiq.org

info@visionfoundationiq.org



مافی لەبەرگرتن

Copyright © 2026

Vision Foundation for Strategic Studies (VFSS)

هیچ بەشێک لەم بڵاوکراوەیە نابێت بەبێ مۆڵەتی پێشووی دامەزراوەی ڤیژن لەبەر بگیرێت یان بڵاو بکرێتەوە.


ئاگادارکردنەوە

ئەو بۆچوون، شیکاری، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لەم بڵاوکراوەیەدا هاتوون تەنها بۆ نووسەر دەگەڕێنەوە و پێویست نییە ڕەنگدانەوەی فەرمی دامەزراوەی ڤیژن بن.

**شێوازی ئاماژەپێدان**

سەردار (٢٠٢٦).

**دوای سەدەیەک لە نمایشی جۆراوجۆر**

**پەیوەندیی نێوان شار و شانۆ لەدیدی شانۆکارانەوە – سلێمانی بە نموونە**

Vision Foundation Research and Policy Series (VFRPS)

VFSS-PP-2026-005

Sulaymaniyah, KRG Vision Foundation for Strategic Studies (VFSS).

DOI: لە چاوەڕوانی تەرخانکرد

# دوای سەدەیەک لە نمایشی جۆراوجۆر

## پەیوەندیی نێوان شار و شانۆ لەدیدی شانۆکارانەوە – سلێمانی بە نموونە


**پوختە:**

لەناو ئەو سەدەیەی سلێمانی و شانۆ پێکەوە بەڕێیان کرد، پەیوەندییەکەیان لە زۆربەی قۆناغە جیاجیاکانیدا هەر گەرموگوڕ بووەو خوێنی تازەی تێزاوە، بەپێی گەشەی شاریش لە هەڵکشاندا بووە، بەڵام خۆ دیارە لە هەڵبەز و دابەز و هەوراز و نشێویش بەدەر نەبووە. یەکێک لە قۆناغە ئاڵۆزەکانی ئەو پەیوەندییەش قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ ە، چونکە ڕاستەوخۆ زۆربەی هۆکار وپاڵنەر و هەلومەرجە سەپێنراوەکانی کارکردنی شانۆی لەناو سیستمی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی شاردا گۆڕی بۆ دۆخێک ، نەک هەر نزیکیش نەبوو لەوەی پێش خۆی، بەڵکو بەتەواوی پێچەوانەشی بوو، ئیدی پرسیارە بنەڕەتیەکەی؛ شانۆ بۆچی؟ داوای وەڵامی زۆر جیاوازی دەکرد و شار و دەزگا حوکمڕانییە نوێیەکانی لە لایەک و شانۆ و شانۆکارانیشی لەلایەکی ترەوە دەخستە ژێر پرسیارو بەرپرسیاریی جیاواز و ئەرکی ئاڵۆزترەوە، ئەرکی؛ شارییبوون و شانۆکاربوون لەسایەی خۆبەڕێوەبەریی کورددا.

ئەم توێژینەوەیە کە لە چوار بەش پێکدیت، لەبەشی یەکەمیدا میتۆدۆلۆگیاکەی خۆی داڕشتووەو هەوڵیداوە، لەپای سستبوونی ئەم چەند ساڵەی دوایی چالاکیی بەرهەمهێنانی نمایشی شانۆیی لە سلێمانی، لە سروشتی هەنوکەی ئەو پەیوەندییە لە دیدی خودی شانۆکارانی سلێمانییەوە بکۆڵێتەوە، ئەمەش کرۆکی کێشەی توێژینەوەکەیە کە ئامانجە سەرەکیەکەی ئەوەیە هەردوولا؛ چ شانۆکاران و چ دەزگا پەیوەندیدارەکانی حوکمڕانی بۆ داڕشتنەوەیەکی هۆشمەندانەتر و بەرپرسیارانەتری پەیوەندیی نێوان شار و شانۆ، وەک بەڵگەیەکی زانستی پشتی پێ ببەستن. لە بەشی دووەمیشدا کە تایبەتە بە چوارچێوە تیۆرییەکەی، لەپاڵ گەنگەشەکردنی (پێگەی شانۆ لە بونیادی شاردا) سەرنجی خستۆتە سەر (بناغەی پەیوەندیی شار و شانۆ لە سلێمانی)،

بەڵام هەوڵی نەداوە پەیڕەوێکی کرۆنۆلۆگی بگرێتە بەر، بەڵکو تەنها سەرنجی خستۆتە سەر ئەو قۆناغەی سەرەتاکانی دروستبوونی نمایشی شانۆیی لەم شارە، چونکە ئەوەی بۆ توێژینەوەکە گرنگە تەنها تێڕامانە لە و بناغەیەی پەیوەندی کە سەدەیەک لەمەوبەر سلێمانی و شانۆ بۆ خۆیان داڕشت، تا توێژەر لە خوێندنەوەی ئێستای پەیوندییەکەدا پشتی پێ ببەستێت.

بەشی سێیەم کە تایبەتە بە دیوە پراکتیکییەکەی، کۆمەڵگەو نمونەو ئامڕاز و میتۆدی توێژینەوەکەی تێدا ڕوون کراونەتەوە، پاشان نموونەکە کە لە دوو بڕگە پێکهاتووە؛ پانێڵێ (شار و شانۆ) و ڕاپرسیی نیمچە کراوەی شانۆکارانی سنووری پارێزگەی سلێمانی، بەپێی میتۆدی وەسفیی شیکاری و شیکاریی وەسفیی ناوەڕۆک شیکار کراون. بەشی چوارەمیش ئەنجام و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان لەخۆدەگرێت.

**وشەکلیلەکان:**سلێمانی، شانۆ، سەد ساڵ، شار، شانۆکار

## بەشی یەکەم

## میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

### کێشەی توێژینەوەکە:

پرسی ئەم توێژینەوەیە هەڵقولای ئەو مەراقەی شانۆکاری کوردە کە لەنێوان خەونە تایبەتییە هونەریەکانی خۆی و ئاریشە گشتییە درشتەکانی دۆخی هونەرەکەی لەلایەک و ، خەمەکانی پەیوەست بە گرنگیی بوون و نەبوونی شانۆدا لەلایەکی ترەوە، بەجۆرێک لە بارودۆخی نالەباری بەرهەمهێنانی نمایشی شانۆیی نائومێدە، ناچارە بگەڕێتەوە بۆ ئەو پرسیارە سەرەتاییە ساکارانەی؛ ئایا هەر بەڕاستی شانۆ پێویستە؟ یان چ جۆرە شانۆیەک پێویستە؟

بەتێڕامانی لەم پرسە، توێژەر دۆخی ناجۆری ئێستای شانۆ لە شاری سلێمانی، دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو هەلومەرجە نا تەندروستەی پەیوەندیی نێوان شار و شانۆی، وەک دوو بونیادی دوور و دابڕاو لەیەکتر، پێدا تێدەپەڕێت، دابڕانێک کە شانۆ، تێیدا وەک تەنێکی بێگانە بە شار دێتە پێش چاو؛ لەکاتێکدا کە لە هەر شارێکی پێشکەوتودا هەبوون

و نەبوونی ئەم هونەرە کۆمەڵایەتییە دێرینە یەکێکە لە مەرجە بنەڕەتیەکانی شاربوونی شار.

ئەو دۆخی بێگانەبوونەی شانۆ و شار بەیەکتر، دوو لایەنەیە؛ لایەنی شار وەک ژینگەیەکی کلتوری، کۆمەڵایەتی، ڕامیاریی ڕەخساو بۆ کاری شانۆیی، بەو پێیەی شانۆ زادەی شارە، لایەنی شانۆش کە شانۆکاران و دەزگا شانۆییەکان دەگرێتەوە، وەک هێز و وزەی بەرجەستەکاری ئەو پێداویستییە شارستانییە کە خودی شانۆیە.

**لێرەوە کێشەی توێژینەوەکە لەم دوو پرسیارەدا کورت دەبێتەوە:**

- ئێستای شانۆ لە شاری سلێمانی لە ڕووی هونەری، کارگێڕی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە چۆن دەردەکەوێت؟
- ئایا شانۆکارانی سلێمانی و دەسەڵاتی خۆجێیی توانیویانە پەیوەندیی ئۆرگانیکیانەی نێوان شار و شانۆ بگۆڕن بۆ پەیوەندییەکی دەزگاییانەی ڕاستەقینە؟

**گرنگیی توێژینەوەکە:**

**گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لە ئامانجەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە سوودبەخش دەبێت بۆ:**

ا- دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومی و ناحکومی بۆ پێداچوونەوە بە بەرنامەو سیاسەتی دارایی وکارگێڕی و کلتوریی خۆیان لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ هونەری شانۆ و پێداویستییەکانی و گرنگییە شارستانی و پەروەردەیی و زانستیەکانی.

ب- شانۆکاران و شانۆ دۆستان و خەمخۆرانی دیکەی بوارەکە بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر لە هۆکار و چارەسەرەکانی سستبوونی بزاوتی شانۆیی لە سلێمانی.

پ- تیپ و گروپ و ڕێکخراوەکانی پەیوەندیدار بە کلتوور و چالاکییە شارستانییە جۆراوجۆرەکان بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی، لە ئاشناکردنی زیاتریان بەگرنگیی هەمەلایەنەی شانۆ بۆ شار و شارستانیبوون.

ت- کەرتی تایبەت، سەرمایەدارانی نیشتمانی، لە بەرچاوڕونکردنەوەیان بە گرنگیی سەرمایەگوزاری لە کەرتی شانۆدا، برەودان بە ژێرخانی شانۆ و هاندانی شانۆکاران و پشتگیریی پرۆژە هونەرییە جۆراوجۆرەکانیان.

**ئامانجەکانی تویژینەوەکە/**

**لەم خاڵانەدا کورت دەبنەوە:**

١. تێگەیشتن لە ڕەوتی گۆڕانی پەیوەندیی نێوان شاری سلێمانی و شانۆ لە پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیی خۆڕسکەوە بۆ چوارچێوەیەکی دەزگایی.

٢. دەرخستنی دیارترین هۆکارەکانی کەمبوونەوەی چالاکیی شانۆیی لە سلێمانی و پێشنیازکردنی چارەسەری گونجاو.

٣. دیاریکردنی ئەرک و بەرپرسیاریی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرامبەر بەدۆخی ئێستای شانۆ لە سلێمانی و ئاڕاستەکردنی ڕاسپاردەی تایبەت بۆ هەریەکێکیان.

٤. دروستکردنی هاوڕایی و کۆدەنگی لە نێوان شانۆکاران و پسپۆڕانی بوارەکەدا دەربارەی گرفتەکان و چارەسەرەکانیان و برەودان بە گیانی هاوکاری و یەکترتەواوکردن لە خزمەتی پرۆژە هونەریەکانیاندا.

٥. هاندانی کەرتی تایبەت تا بە شێوازێکی سیستماتیک و بەرفراوان سەرمایەگوزاری لە کەرتی شانۆدا بکات.

**سنوورەکانی توێژینەوەکە/**

سنووری کات: ٢٠٢٦/٧/٠٢ – ١٢/ ٨/ ٢٠٢٦

سنووری شوێن: پارێزگەی سلێمانی

سنووری بابەت: پەیوەندیی نێوان شار و شانۆ

سنووری مرۆیی: شانۆکاران

**زاراوەکانی توێژینەوەکە/**

پێناسەی کارپێکراو لەم توێژینەوەیەدا بۆ هەریەک لە زاراوە سەرەکییەکانی، بەم جۆرەیە:

١. شار

ئەو پێکهاتە ڕامیاری، ئابوری، کارگێڕی، کلتوری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ئاوەدانی، مرۆییەیە کە تێیدا هونەری شانۆ یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی (پێشکەوتنی لەسەرخۆ) ی هەمەلایەنەیە، تەلارەکانی شانۆش لە شارستانیترین سیماکانی شارن.

٢. شانۆ

هونەرێکی کاریگەری پەروەردەکردن و بەرەوپێشبردنی هێمنی کۆمەڵگەی شارنشینە لە سەر ئاستی بیر و دەروون و ڕەهەندەکانی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و کلتوری، کە دەتوانێت کاریگەریی قووڵ بۆ مەودای درێژ لەسەر تاک و کۆمەڵ دروست بکات.

٣ .شانۆکار

سەرجەم ئەو دەرهێنەر، ئەکتەر، نووسەر، ڕەخنەگر و تەکنیکارانەی شانۆ دەگرێتەوە کە لە بەرهەمهێنانی نمایشی شانۆییدا بەشدارن، بەدیاریکراویش لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە شانۆکارانی سلێمانییە کە وەک نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون.

**بەشی دووەم**

**چوارچێوەی تیۆری**

**١- ٢. پێگەی شانۆ لە بونیادی شاردا**

بۆ چوونە ناو ئەم باسەوە لەو خاڵەوە شوێنپێ هەڵدەگرین کە (ئارنۆڵد.ج. توینبی Arnold J. Toynbee) دیاریی کردووە، کاتێک لەو باوەڕەدایە؛ کە ئەو تایبەتمەندییە سەرەکیەی ژیانی شاریبوون (مەدەنییەت) لە ژیانی سەرەتایی جیادەکاتەوە، داهێنانە. ئەم بڕوایەشی لەوێوە هاتووە کە ژیانی سەرەتایی تەژییە بە لاساییکردنەوە، لەکاتێکدا **داهێنان** ژیانی شاریبوونی تەنیوە (Toynbee, 1972 ). ئەم تێگەیشتنەشی لەو بەستێنە (context) دا هاتووە کە تەنانەت سەرگوزشتەی تەورات و لەخشتەبردنی ئادەم لەلایەن شەیتانەوە تا لە بەهەشت دەربکرێت، وەک سەربوردەیەکی سیمبولی دەبینێت و پێی وایە ئاماژەیە بۆ سەرهەڵدانی شارنشینی و پەڕینەوەی مرۆڤ لە شێوە ژیانی سەرەتاییەوە بۆ شێوە ژیانی شارنشینی. بگرە لەوەش زیاتر وردی دەکاتەوە، بە جۆرێک کە زۆرتر بۆ پرسی ئەم توێژینەوەیە دەسازێت، کاتێک تەواو شار و شانۆ پێکەوە گرێ دەدات، چونکە پێی وایە؛ شارستانێتی شانۆی شەیتانە. (الوردی، ١٩٩٤، ص ص ٢٢ - ٢٣).

شەیتان لەم تێگەیشتنەی ئەودا کەڵکەڵەی یاخیبوونە لە باو، نەریت، لاساییکردنەوەو جوینەوەو خۆدووبارەکردنەوەو یەقین، کە ژیانی سەرەتایی و بەر لە شارنشینییان لەسەر هەڵچنراوە، لەبەرامبەر خولیای دەربازبوون لە بازنەی نەریت و باو، سەرچڵی، سەرکێشی بە بیرو کردارو گوفتار، یاخیبوون، دووودڵی، گومان، هەمووشیان بە ئاڕاستەی دۆزینەوەی

دونیای جیاوازو ژیانی جیاوازو بەستنی پەیوەندیی نوێ و...هتد، کە ژیانی شاریبوونیان لەسەر هەڵچنراوە. بۆیە وەک (علي الوردی) دەڵێت: "شارستانێتی نرخی گرانە، لە لایەکەوە قازانجەو لە لایەکی تەرەوە زەرەر، ئەوانەی سەر ڕێی ئەو دەکەون پێویستە بزانن کە بەرەو ژان و دڵەڕاوکەو ئازاریان دەبات، جا گەر مرۆ بیەوێت بەردەوام بێت لەسەر ژیانی ئاسودەیی و ئارامی، با ئەو ڕێگە ترسناک و ماندوو نەناسە هەڵ نەبژێرێت" (الوردی، ۱۹۹۸، ل ل ٥٨ -٥٩) .

جا کە شارستانێتی شانۆی شەیتان بێت، کەواتە شار خۆی سەکۆی ئەو شەیتانەیە، کە لە کرۆکی بیرکردنەوەکەی (توینبی)دا، بریتییە لە خودی داهێنان. لەم وەسفەیدا (توینبی)، کە سەرقاڵی گەنگەشەکردنی جیاوازیی نێوان ژیانی شارنشینی و ژیانی سەرەتاییە لە پەیوەند بە داهێنانەوە، هەر بەوە ناوەستێت کە فەلسەفیانە و ناڕاستەوخۆ، هەوڵی سەلماندنی گرنگیی شار و شانۆ بۆ یەکتری بدات، تەنانەت بەوەش قایل نابێت کە هیچ پاساوێک بۆ سروشتی پەیوەندیی ئەندامیانە (Organic) ی ئەو دوانە بهێنێتەوە، بەڵکو بۆ سەلماندنی تێگەیشتنەکەی لە سروشتی ئەو جیاوازییە، تێمای (شانۆ)ی وەک (خوازە - Metaphor) بەکارهێناوە، بەڵام خۆ بە ڕێکەوتیش نییە کە مێژووناسێکی وەک ئەو وشەی شانۆ بۆ ئەو وەسفە دەخوازێت، بێگومان ئاکاری خواستنی تێرم و تێما و چەمکی شانۆیی ئاکارێکی دێرینی شارستانیانەیە و دەکرێت دەیان نموونەی لێ بهێنرێتەوە، هەر لەسەر بنچینەی ئەم بڕوایەشە کە (لویس مەمفۆرد) نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر و لە نووسینەکانیدا (شار) وەک (شانۆیەک بۆ کاری کۆمەڵایەتی) دەبینێت، "هێشتاش بیرکردنەوەکانی لە چوارچێوەی شاری هاوچەرخی پاش پیشەسازیدا بایەخێکی زۆریان هەیە، کە تێیدا دیاردە شانۆیی و کردەییەکان (ئەدائییەکان Performatives) بزوێنەری بنەڕەتین بۆ ئەو شتەی پێی دەگوترێت (ڕەهەندە ئابوریەکانی ئەزموون). هەر لەم بەستێنەدا شار تەنها بەوە قەرزاباری شانۆ نییە کە کاریگەرییە ئەرێنییەکانی ئەم هونەرە کۆمەڵایەتی و فێرکارییە لەڕوی ئاکاری و ڕەفتارییەوە بەهێمنی ڕۆدەچنە ناو پەیوەندییەکانی تاک و کۆمەڵەوە، بەڵکو بەوەش قەرزاباریەتی کە زۆر چەمکی شارستانیانەی لەخودی نەخشەسازیی شاریشدا لێ خواستووە، بەجۆرێک کە نەخشەڕێژ و پلاندانەرانی شار لە داڕشتنی سیاسەتی کارکردنیاندا تادێ زیاتر پەنا بۆ چەمکە شانۆییەکانی وەک (دیمەنی شاریانە) و (درامای شاریانە) دەبەن... (بۆیە ئەو ئۆرگانیزمی پەویەندییەکە لەوەدا پوخت دەکاتەوە کە:) شار شانۆ دەئەفرێنێت لە کاتێکدا خۆی شانۆیە ... " (Makeham, 2005,pp 150-160) .

لەڕووی کرداریيەوە هۆکاری ئەو بەخشندەییەی شانۆ بۆ شار و شارستانێتی ئەوەیە کە ئەم هونەرە لە ڕەهەندە ڕامیاریی، کۆمەڵایەتی، کلتورییەکەیەوە "لەوەتەی هەیە کەناڵێکی بەهێزو کاریگەری پەیوەندی بووەو هەر واش دەمێنێتەوە. زیادەڕۆییش نییە گەر بڵێین لەشارستانییە دێرینەکاندا کۆمەڵایەتیترینی هونەرەکانیش بووە، چونکە کۆکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی بینەر لەیەک کات و شوێندا تەنها لەتوانا و تایبەتمەندیی نمایشی شانۆییدا بووە. بۆیە شانۆی کەونارا، بەتایبەتیش لەگریکی بەر لەبیست و شەش سەدە زیاتردا، تاکە دەرفەتی کۆبوونەوەی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵک بووە لەدەوری بابەتێک، ئەمەش هەلی بیرکردنەوەی هاوبەش وئەندێشەی جۆراوجۆرو تێگەیشتنی جیاوازی لەسەر یەک پرس و بابەت بۆ مرۆڤ ڕەخساندووە." (حەمەئەمین و سعید، ٢٠٢٦).

بەبڕوای (هێنری لێفیڤەر Henri Lefebvre) ؛ " شار تەنها پانتاییەکی جوگرافی یان پێکهاتەیەکی کۆنکرێتی نییە، بەڵکو پانتاییەکی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنراوە کە تێیدا ململانێ، دیالۆگی کلتوری و گوتارە هونەرییەکان دەنەخشێن." ( Lefebvre, 1991, p. 26)، چونکە شار لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی جیاوازیە جۆراوجۆرەکانی تاک و کۆمەڵ بنیات دەنرێت، دەنا نابێتە شار و هەروەک گوندێکی گەورە، یان گەورەکراو، دەمێنێتەوە، ئەمەش لە سەر ئاستی مادیش و واتاییش (مەعنەوی) لە پەیوەندییەکانی تاک بە کۆمەڵەوە ڕەنگدەداتەوە. بۆیە دەبینین لەلای (مارڤین کارلسۆن Marvin Carlson)ی تیۆرساز و کۆڵێنکاری شانۆیش؛ " شار دەقێکی کلتوریی گەورەیە، کە هۆڵە شانۆییەکان وەک پانتاییەکی ناوەندییانە (central) ی ئەو دەقە کار دەکەن و پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیش لە نێوان جوڵەی شارنشینی و گەشەی فیکریی شانۆدا هەیە". (Carlson, 1989, p. 2).

ئەو جوڵەی شارنشینییەی (کارلسۆن) باسی دەکات هەستی هاوشارییوونێکی ڕواڵەتیانەی مرۆڤەکان نییە بەرامبەر بەیەکتر کە هەر لەیەکەم تاقیکردنەوەی سەختی ژیانی شاردا لە بستوتەوەرە بچێت، بەڵکو هەستێکی قووڵی بەرپرسیاریی ڕەوشتی و کردارییە بەرامبەر خودی پەیوەندیی لەگەڵ هاوشارییە جۆراوجۆ و جیاواز لە بیرکردنەوەو ئەندێشەو دونیابینیی و خەون و خولیاو ئاوات و خەمەکانیاندا. هەر بۆیە لای بێرتۆڵد برێشت (Bertolt Brecht) ، شانۆ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فیکرییە کە ئامانجی تەنها کات بەسەربردن نییە، بەڵکو ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و گۆڕینی واقیعی مرۆڤە لە ڕێگەی نواندنی ڕەخنەییەوە ( Brecht, 1964, p. 180). لەلای (هانس-تیس لیمان Hans-Thies Lehmann) یش "شانۆ

پرۆسەیەکی ڕووداوگەراییە کە تێیدا دابڕان لە دەقی باو و بەکارهێنانی پانتایی مۆدێرن دەبنە کەرەستەی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی مانا، ئەمەش وا دەکات شانۆ بەسترابێتەوە بە گۆڕانکارییەکانی ژینگەی دەوروبەریەوە" (Lehmann, 2006, p. 85)، چونکە وەک (بورهان قەرەداغی) ش گوزارشتی لێ دەکات؛ شار بۆخۆی دەقێکی کراوەیە، وێنەیە، زمانە، ئەرگۆمێنتە، کلتورە، شار لەسەر ئاماژەو هێماکان وەستاوە، شار فیگۆرەو جەستەیە، دەنگ و ڕەنگە، هەر بۆیە شار خۆی شانۆیە، شانۆیەک کە تێیدا چەندین دەق ئاوێزان بوون و فرە کلتورییان دروست کردووە، شار جیهانی دەقە جیاوازەکانە (قەرەداغی، ٢٠١١، ل١٥).

ئەگەر لە تێڕوانینی ئەنتۆنین ئارتۆ (Antonin Artaud) یشەوە تەماشا بکەین، کاتێک باسی ڕۆڵی جەستەییانەی ئەکتەری شانۆ دەکات لە تێکشکاندنی ڕاستییە کلتورییەکان و گۆڕینی واقیعدا، دەتوانین بڵێین؛ شانۆکار ئەو هێزە بزوێنەرە زیندووەیە کە، بە جەستە و بیری، بێدەنگیی کۆمەڵگە دەشکێنێت و دەبێتە نێوەندگیرێک لە نێوان واقیعی شار و ئەندێشەی داهێنەرانەدا (Artaud, 1958, pp. 24-26) ، بۆیە لە لای کۆمەڵناسی فەرەنسی پییێر بۆردیۆ(Pierre Bourdieu) ش؛ "شانۆکار ئەو بکەرە کۆمەڵایەتییەیەکە لە ناو کایەی هونەریدا خاوەنی سەرمایەیەکی ڕەمزی و مەعریفییە، و لە ڕێگەی بەرهەمەکانیەوە پێگەی خۆی لە نێو ململانێی کلتوریی شاردا دیاری دەکات" (Bourdieu, 1993, p. 75).

بۆیە هیچ شارێکی ڕاستەقینە خۆی لەو ڕاستییە بۆ نادزرێتەوە کە وەک (برایم فەڕشی) گوتویەتی ؛ هەبوونی شانۆ لەناو میللەتاندا لە کۆنی کۆنەوە پێوەر بووە بۆ بوونی شارستانیەت و فەرهەنگ، بۆیە زیندوبوونی شانۆ نیشانەی دەوڵەمەندیی فەرهەنگ و فەلسەفە و هونەر و سیاسەت و بیر و ڕامانە، مردنیشی کارەساتە (فەڕشی، ١٩٩٤، ل٣)، بۆ شاریش و شارنشینانیش، ئەم ڕاستییەش هەر لەبەرەبەیانی دەرکەوتنی شانۆ لە دەوروبەری بیست و شەش سەدە لەمەوبەری شار دەوڵەتەکانی گریکدا تاڕاددەی بەڵگەنەویست جێگیرە.

### ٢ – ٢. بناغەی پەیوەندیی نێوان شار و شانۆ لە سلێمانی

### ١- ٢ -٢. ژانەرزێی شانۆ

تەمەنی تۆمارکراوی هونەری شانۆ لە شاری سلێمانی سەدەیەکی تێپەڕاند، لەخەونی خەمخۆرانی ئەو ڕۆژگارەی شار و تینوێتیی دەستەبژێری خوێندەوار و ڕوناکبیر بۆ پێشکەوتن و گەیشتنەوە بە کاروانی گۆڕانکارییە خێراکانی ناوچەکەدا ڕسکا، دیارە زەمینەی کلتوری و هەلومەرجی کۆمەڵایەتیش گونجاو و یاریدەدەر بوون، بۆیە تاکە هاندەر و پشت و پەنایشی تەنها دڵسۆزیی خۆڕسکانەی خەڵکی شار و بەدەمەهاتنی دامودەزگا ساکارەکانی بوو، دەنا لەو هەلومەرجە ڕامیاری و ئابووریەی شارەکانی کوردستان بەگشتی و باشوردا بەتایبەتی، کە تازە پیلانە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان بۆ لەباربردنی خەونی دێرین و هەرمانیی کورد و لکاندنی ئەم پارچەیەی نیشتمانەکەی بە عێراقەوە لە گەرمەی باس و خواسیدا بوو، کوا دەکرا شارێکی بەتەمەن گەنج و بە قەوارە بچووکی وەک ئەو دەمەی سلێمانی، تینی داهێنانێکی هێندە کاریگەری تێدا بێت و شانۆ بۆ خۆی دروست بکات؟

بۆ گەنگەشەکردنی بابەتی ئەم تەوەرە و هیچکام لەتەوەر و باسەکانی تریش پەیڕەوێکی کرۆنۆلۆگی ناگرینەبەر، بەڵکو لەم باسەی ئێستاماندا تەنها ئاوڕێک لەو هەلومەرجە کلتوری و فەرهەنگییەی شاری سلێمانی دەدەینەوە کە وەک ڕیشەی زەمینەسازیی لەسەرخۆی کلتورییانەی ڕەسەن و خۆڕسک بۆ لەدایکبوونی هونەری شانۆ دەردەکەون، کە ئەوانیش ڕاستەوخۆ دەگەڕێنەوە بۆ پێش ئەو سەدەیەی کە شانۆ وەک هونەرێکی ڕسکاوی لەخۆ ڕادیو، لە سلێمانی، تێی پەڕاندووە، لە دیارترین ڕوکارەکانی ئەو هەلومەرجەش ئەمانەن:

- بەبڕوای (ئەحمەد سالار) "لەسەرەتاوە، لەدووتوێی ئەو گەمەو داب و نەریتانە و عەنعەناتە میللییانەی نیمچەدرامین و چەشنەها توخم و خەسڵەت و بایەخی دراماتیکیان تیادایە... گەر بە چەمکە (ئەرستۆتالییە) کە بینرخێنین، هەست بە بوونی تەواوەتی گیانە شانۆییەکە ئەکەین، (...)، نواندنی ئەو جۆرە چالاکییە میللییانەی وەک: میرمیرێن، بووکە بەبارانە، کۆتەڵ و چەمەری... جگە لەوەی نیمچە درامین، هەروەها ڕێگا خۆشکەرەن بۆ بنیادنان و گەشەکردنی هونەری شانۆ، هەرچۆن نزیککەرەوەی هونەری شانۆیە بە گیانی جەماوەر"(سالار، ٢٠٠٨، ل ١١ - ١٤).

هەر بۆیە دوای نزیکەی سێ چارەکە سەدە ڕێچکەی شێوازی کارکردنی خودی شانۆکارێکی ئەکادیمیی وەک (ئەحمەد سالار) دەچێتەوە سەر بەکاربردنەوەی ئەم کلتورە نمایشسازیەی کە بە ژانەزێی ڕاستەقینە و ڕاستەوخۆی شانۆ لە سلێمانی

دادەنرێن، چونکە ڕەگیکی بیرکردنەوەی لە شانۆ و دواتر داڕشتنی شانۆی ئاسەنگسازییەکەی دەچێتەوە سەر ئەو بنەمایەی کە "گۆرانی و سەما و هەڵپەڕکێ و جوڵە ئیقاعییەکانی تر بەشێکی گرنگ لە کەلتوری نەتەوەییمان پێک دەهێنن، بۆیە زیندوکردنەوەو بەکاربردنیان لە هەر بەرگ و وێنەیەکدا بێت قبوڵکردنی کارێکی گران و ئاڵۆزنیە. (ئەحمەد سالار) دوای چەندین ساڵ ئەزموون و کاری بەردەوام تا رادەیەکی باش شارەزای سایکۆلۆجیەتی بینەری کوردە بۆیە بۆ ئەو خواست و خولیایە دەگەڕێت کە وەرگر تامەزرۆیەتی و دەیەوێت بە دیداری شاد بێت (ئەفسانە، چیرۆک، بەیت و سەماو گۆرانی، جل و بەرگ، هەموو ئەوانەن کە دەتوانن رابردوو بگێڕنەوە) کەواتە گەلێک دروستە دۆخی تێکەڵاو بوونی بینەر لەگەڵ ئەم کارەدا دوای بزواندنی یادەوەری." (مستەفا، ٢٠٠١، ل ٢٢٠).

- ئەو یارییە فۆلکلۆرییە بەرجەستەکارانەیەی کە لە دووتوێی میهرەجانێکی ساڵانەدا، خوێنەوار و ڕوناکبیر و پیاوماقوڵانی شارەکە سازیان دەکردو ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شار بەشدارییان تێدا دەکرد، چیرۆکەکەی سێ ڕۆژی دەخایەند، تێیدا حکومەت بە درێژایی ئەو ماوەیە دەستبەرداری دەسەڵاتی حوکمڕانی دەبوو بۆ ئەو حکومەتە نمایشییەی میهرەجانەکە دەیخواست و ئەرکی هەڵبژاردنی  بە لیژنەیەک لە ڕۆشنبیر و پیاوماقوڵانی شار دەسپێردرا، ئیدی ئەو حکومەتی گەمەیە خۆی دەبووە بکوژوبڕ، پادشا و وەزیر و گزیری هەبوون و دەسەڵاتی خەڵاتکردن و سزادان تا ڕاددەی لەکارخستن و دوورخستنەوەی کاربەدەستانی ڕاستەقینەیشی هەبوو. (تەنیا، ١٩٨٥، ل ل٤٥، ٩٦)، کەواتە بەدرێژایی ئەو سێ شەو و ڕۆژە شار دەچووە دۆخی نمایشێکی شانۆ ئاساوە، کە زۆربەی توخمە سەرەکییەکانی درامای شانۆی لەخۆگرتووە. لەم ڕووەوە ( ئەدمۆنز C.J. Edmonds) دووپاتیدەکاتەوە کە ئەو ڕۆح و کەشی ئاهەنگێڕی و ڕابواردنە لە سلێمانی هەمیشە هەر هەبووە، جەختیش دەکاتەوە؛ ئەم گەمە نمایشییەی کە ناوی دەنێت (یاریی شازادەی ساختە) لەو شارەدا ڕەچەڵەکێکی دێرینی هەیە و تا جەنگی جیهانیی یەکەمیش چالاکانە ئەنجام دراوە ( Rostami , 2015, p.76).

- پەیوەندیی نمایش و نواندنی شانۆییانە بە دەرەوە و وەرزەکانی هاوین و بەهار و بۆنەکانەوە ناوەستێت کە بەگشتی نمایشەکان و گەمە نمایشسازییەکانیان تێدا ئەنجام دەدرا، بەڵکو دەگاتە ناو خودی ماڵەکانیش و بەتایبەت لە شەوانی زستاندا خەڵک لەدەوری بەرجەستەکارانی گەمەی نواندنئاسای(میرو

گزیر)کۆدەبوونەوە.کاریگەریی ئەم گەنجینە کەلتورییە ڕیشە داکوتاوەی کورد کە لە هەر سەردەمێکدا لەچەند فۆرم و شێوازی گێڕانەوەی هونەریی جیاجیادا خۆی دەنوێنێتەوە، لە سەرەتای دوا دەیەی سەدەی بیستەمدا لە سلێمانی فۆرمێکی نمایشی شانۆیی دێنێتە بوون، وەک هەوڵێکی هاوچەرخی دەرهێنەرانە "بۆ دەرچوون لە فەزای شانۆو کارکردن لەدەرەوەی شوێنە تایبەتەکانی شانۆ ئەو ئەزموونەی (ڕزگار ئەمین) بە ناوی (شانۆی ماڵ)ەوە هێنایە گۆڕێ لەسەر بنەمای مامەڵە کردنی شانۆکار لەگەڵ شوێندا وەک بەشێک لە یادەوەریی وەرگر (... ئەویش) لە نمایشی (شیرین و فەرهاد)دا بەرجەستەی کرد کە لە نێو ماڵێکی کەلەپوریی سەربە فەرمانگەی شوێنەوار نمایشەکەی پێشکەشکرد ، بینەری شانۆکە لە میوانی ئەو ماڵە دەچوون کە نمایشەکەی تێدا ئەنجام دەدرا، ئامادە بووان لەسەر ئەو سەکۆیانە دادەنیشتن کە لە حەوشەی ماڵەکەدا دروست کرابوو، جگە لەو فۆرمانەی نمایش کە دەچونەوە نێو سروتە ئاینیەکانی نێو یادەوەری وەرگر"(مستەفا، ٢٠٠١، ل ٢٢٠)، هەروەها ماڵ و قوڵایی کلتوریی خانووی کەلەپوریی کوردی وەک پانتاییەک بۆ گێڕانەوەی شانۆیی، لە ئەزموونێکی دیکەدا، بەڵام بە نیاز و فۆرمێکی جیاواز، دوای بیست و یەک ساڵ لە ئەزموونەکەی (ڕزگار ئەمین)، ئەمجارە هەر لە سلێمانی ئەکتەر و نووسەر و دەرهێنەر (شوان کریم) ساڵی ٢٠١١، شانۆگەریی (کاتمان نەماوە بۆ گۆرانی) کە لە نووسین و دەرهێنانی خۆی و نواندنی (سەوسەن عمر) و (دیلمان سەلاح) بوو لە خانویەکی تری کەلەپوریدا نمایش کرد، کە چیرۆکە سەرەکییەکەی ژیانی ڕۆژانەی ووشکەوەبوو و بێزراو لە دەست ڕۆتینی سەپێنراوی ژیانی دوو هاوسەرە لەناو ماڵێکدا کە پێشتر پڕبووە لە جوڵەی تەڕوبڕی جۆراوجۆری ژیان، بۆیە ناچار یارییەک دادەهێنن تێیدا پەنا بۆ ڕابردووی نزیک دەبەن تا بۆ ماوەیەکیش بێت لەو بێرازی و بێزرانە ڕزگارببن(سعید، ٢٠١٧، ص ١٧٥). لە ڕوی تەکنیکییەوە خودی ماڵەکە لەم نمایشەدا "ماڵێکی چۆڵکراو و کۆنەو لە ستۆدیۆیەک دەچێت کە ئامادەکاریی بەرهەمهێنانی فیلمێکی تێدا بکرێت" (حەمەڕەشید، ٢٠٢٦، ل١٥٢).

- دەرکەوتنی چەند بەرجەستەکارێکی چیرۆک و سەرگوزشتەی میللی کە بە (قۆشمەباز) ناسرابوون و لە مۆرکێکی کۆمیدیای میللی، چیرۆکی کورتیان بەرجەستە دەکرد، لەوانیش (فەرەج کوردی، ئەحەی ناسر، حافزی لەقلەقزادە) و، لە دیارترینیشیان، (ئەحەی کرنوو)ە، کە بووە "سیمبولی خێر لەخۆ نەدیوی و ناوچەوان جوتەیی، لەکاتێکدا ناخی خۆی سەرڕێژ بوو بە خۆشەویستی و تامەزرۆیی بۆ هونەر و پێشکەوتن، ئەکتەرێکی قۆشمەباز یان گاڵتەجارێک بوو خەونی بە پاڵەوانبازی و

ئازایەتییەوە دەبینی، بەڵام لەبەرئەوەی باریک و بنێس بوو نەیتوانی بوو پێیان بگات، مەراقیشی دڵخۆشکردنی خەڵک بوو کە بەدەست داگیرکاریی دووسەرەی عوسمانی و ئینگلیزەوە دەیناڵاند، ... بەڵام بە کۆمەڵێک خەمەوە سەری نایەوە کە دیارترینایین ئەوە بوو؛ هەرگیز لەسەر شانۆش ڕۆڵی پاڵەوانی بەخۆوە نەبینی (لطیف، ٢٠١٠، ص٨٠).

**٢ - ٢ – ٢. لەدایکبوونێکی سروشتی و بایەخێکی هەمەلایەنە**

بەبڕوای (فێرنان براودێل)؛ ژیان، بۆ هەر شارستانیەتێک، لە توانای بەخشین و وەرگرتن و خواستن پێکدێت. بەڵام هەندێک جاریش مرۆڤ شارستانییەتێکی گەورە بەو شتانەدا جیا دەکاتەوە، کە خواستنیان [لە شارستانێتیی ترەوە] ڕەتدەکاتەوە، یان بەوەدا کە بە توندی دژی خۆ گونجاندنە لەگەڵ هەندێک شتدا . (إیمار، ٢٠١٢، ص١٥٠).

ئەگەر بۆچوونەکەی (برادوێڵ) بۆ ژیانی شار، یان شارنشینی (شاریبوون) بە بنەما وەربگرین و لەپەیوەست بە شانۆوە لەو ئاکاری شارستانیبوونە وردببینەوە، ئەوا دەبێت پێوەری شارستانیبوونی هەر شارێک دەرهەق بەم هونەرە لەوێوە سەرچاوە بگرێت کە:

١. ئەو شارە تا چەندە توانای بەخشین و وەرگرتن و خواستنی هونەری شانۆی لە شارستانێتییەکانی ترەوە هەیە، هەر لە ناوی هونەرەکەوە تا سەرەکیترین تێرم و چەمک و زاراوەکانی و سیستمی کارکردن و بەرەوپێشچوونی و پێداویستییە ژیارییەکانی هەبوون و نەبوونی و ناسینەوەی ئەرکە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و فەرهەنگییە گشتییەکان.

٢. ئەو شارە تا چەندە بەو تایبەتمەندییانەی شانۆدا لە شارەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە، کە خواستنیان لە شارستانێتیی ترەوە ڕەتدەکاتەوە، یان بەوەدا کە بە توندی دژی خۆ گونجاندنە لەگەڵ هەندێک تایبەتمەندیی شانۆی شارستانێتییەکی تردا.

**ئەم دوو تایبەتمەندییەش لە سەرەتای دروستبوونی جوڵانەوەی شانۆییەوە لە سلێمانی بەڕوونی بەدیدەکرێن، ئەو ڕاستییە زیاتر لە ڕیزکردنی دیارترین گۆڕانکارییە جومگەییەکانی ئەوسەرەتایانەی شانۆ لەم شارەدا ڕوون دەبێتەوە:**

- سەرەتا قوتابخانەی (ئەوەڵ) و پاشان (کۆمەڵەی زانستی) دەبنە پێگەو سەکۆیەکی کاریگەر، نەک هەر بۆ لەسەرپێ خۆ وەستانی هونەرەکە، بەڵکو بۆ گەشەکردنێکی تەکنیکیانەی نمایشی شانۆییش، لە هەموو ڕووەکانیەوە، پرۆسەی ئامادەکردن و بەرهەمهێنان و تەنانەت بەبازاڕکردنی شانۆش پێکەوەو بەکاریگەریی هەوڵەکانی

مامۆستایان و قوتابیانی ئەم قوتابخانە و کۆمەڵەیە هەنگاوی بەرچاو دەنێن، تەنانەت خەمی شانۆ، وەک هونەرێکی تازە ڕسکیو لە خەمی دەستەبژێرەوە دەپەڕێتەوە بۆ خەمێکی کۆمەڵایەتیی ڕامیاریی فەرهەنگی و ڕای گشتیش، بەڕاددەیەک ئیتر وردە وردە چۆنێتیی بەرهەمهێنانی نمایشەکان و لەوەش زیاتر، نرخی بلیتەکانیشیان دەگرێتەوە، (کە تەنانەت بە پێی چین و توێژە کۆمەڵایەتیەکانیش دیاریکراوە) ، هەروەها داهاتەکانیان و چۆنێتیی خەرجکردنەوەی داهاتەکەش دەبێتە باسی گشتینەو لە ڕۆژنامەدا بڵاو دەکرێنەوەو بۆ ڕای گشتی ئاشکرا دەکرێن،(بڕوانە: بەرزنجی، ٢٠٠٧، ل١٤ – ٢٠) ئەمەش بۆ ئەو سەردەمەی شارێکی گەنج و بچووکی وەک سلێمانی لەچەند ڕەهەندێکەوە گوزارشتە لە شارستانیبوونی پەیوەندیی نێوان شار و شانۆ و بگرە بناغەیەکی پتەوێش بۆ بەدەزگاییبوونی وردە وردەی ئەو پەیوەندییە.

- هەرسێ نووسەر ؛ د.فەرهاد پیرباڵ و یاسین قادر بەرزنجی و ئەنوەر قادر ڕەشید دەیسەلمێننن کە سەکۆی ماڵی (بەهێ خان) هاوژینی (مەلیک مەحمودی حەفید) سەکۆی یەکەمین نمایشەکانی شانۆ بووە لە سلێمانی، هەرچەندە فەرهاد پیربال ساڵی ١٩٢٣ بە ڕێکەوتی یەکەم نمایشی (عیلم و جەهل) دەزانێت و بۆ نمایشەکەی هەمان شانۆگەری لەماڵی بەهێ خانیش لەگەڵ یاسین بەرزنجی هاوڕایە کە لە ١٩٢٦ دا بووە. (بڕوانە؛ پیربال ٢٠٠١، ل ٧٠ - ٧١، بەرزنجی ٢٠٠٧، ل ١٣)، بەڵام ئەنوەر قادر لەو بڕوایەدایە کە سەکۆکەی ماڵی (بەهێ خان) لەنێوان ساڵانی ١٩٢٥ و ١٩٢٦ دا سێ شانۆگەریی لەسەر نمایش کراوە، ئەوانیش بریتی بوون لە؛ (قارەمانی کورد) و (زوڵم و ئیستیبداد) و (حوجرە). (ڕەشید، ٢٠١٢، ل ٤٥ - ٤٦).

- لە سلێمانی هەرزوو خولیای بەردەوام بوون و دوبارەکردنەوەی ئەزموونی شانۆیی پەیدا بووە، واتا بەشداریکردن لە نمایشێکی شانۆییدا چیتر تەنها ڕێکەوتێک نەما لەڕێی بەشداریکردن لە ئاهەنگێک یان چالاکییەکی ناو بۆنەیەکدا، بەڵکو خولیای (بەشانۆکاربوون) یان وەک ئەوەی دواتر (زێوەر ئەفەندی) ی شاعیر بە (مومەسیل)و بەڵکو بە (تەمسیلچی) یش، ناویان دەنێت، چەکەرەی کرد (دیوانی زێوەر ئەفەندی، دەسنووسی نجم الدين ملا، ١٩٤٢، ل ل ٨٨-٨٩) ، ئەمەش بەتایبەتی لە ئەزموونی مامۆستا ( فؤاد رشيد بكر) دا دەردەکەوێت، کە (یاسین قادر بەرزنجی) بە یەکەم پێشڕەوی شانۆگەریی کوردی لە باشوری کوردستانی دادەنێت (بڕوانە: بەرزنجی، ٢٠٠٧)، ئەوەش چونکە مامۆستا فؤاد " تا ڕۆژگاری خۆی یەکەم ناوە کە درێژە بە

ئەزموونی کارکردنی لە شانۆدا دەدات و پەرەش بە تواناکانی خۆی دەدات و واز لە چالاکیی شانۆ ناهێنێت، چونکە کارکردن لە شانۆدا وەک تەنها بەشدارییەکی ڕاگوزەر لە بۆنەیەکدا نابینێت، بەڵکو وەک ئیش و پیشەیەکی گرنگ تەماشای دەکات و دەستبەرداری نابێت، بگرە ڕۆڵێکی بەرچاویش لە ڕاکێشانی کەسانی تر بۆ ناو هونەری شانۆ دەگێڕێت (سعید، ٢٠١٧، ص ٨٦). هەروەها بێجگە لە سلێمانی، لانیکەم، لە شارەکانی هەولێر و ڕەواندوز و بەغدادیش کاری شانۆیی کردووە (پیرباڵ، ٢٠٠١).

- قۆناغی تەنها دووبارەکردنەوەو لاساییکردنەوەی نمایش و دەقی بیانی هێندە درێژە ناکێشێت، بگرە هەردوای چەند ئەزموونێکی کەمی لەو جۆرە، هەوڵەکانی نووسینی دەقی خۆماڵی دەکەونە سەرپێی خۆیان و ئیتر نمایشەکان زیاتر مۆرکی خۆییبوونیان پێوە دەردەکەوێت.

- پیرەمێرد لە ڕێی ڕۆژنامەی (ژیان) ەوە، هەر بە بانگەشەکردن بۆ نمایشە شانۆییەکان، بڵاوکردنەوەی هەواڵ دەربارەیان و هاندانی کاربەدەستان و پیاوماقووڵ وڕۆشنبیران و جەماوەری گشتینەشەوە بۆ بینینیان ناوەستێ، بەڵکو سەرەتایەک بۆ نووسین دەربارەی چیرۆکی نمایشەکان و وردەکارییەکانی تەکنیک و دیمەنسازی و شێوازی جێبەجێکردنیان و تەنانەت کردە (Performance) ی نواندنیش دروست دەکات، کە دەکرێت ئەم هەوڵانەی ئەو و کەمێک دوای ئەویش (حسین نازم) وەک سەرەتایەکی ڕاستەقینە بۆ خوێندنەوەی ڕەخنەییانەی نمایشی شانۆیی لێی بڕوانرێت (پیرباڵ، ٢٠٠١، ل ل ١٣٠، ١٣٣) ، خوێندنەوەکانیشیان سەرجەم ئەو لایەنانەی نمایشەکانیان گرتۆتەوە کە بۆ ئاستی زانیاری و تێگەیشتنی ئەو سەردەمە لە وردەکاریەکانی ئەو هونەرە تەنانەت هەوڵی ڕژدی تیۆریزەکردنیش بوون، ئەوەتا پیرەمێرد کۆمەڵێک لە زاراوە بنچینەییەکانی شانۆ جێگیر دەکات (بەرزنجی، ٢٠٠٧ و پیرباڵ، ٢٠٠١)، وەک:

- تیاترۆ، پییەس، تەمسیل، سەرگوزشتەنمایی، وێنەنمایی، ئەنواند (دواتر چاوگی - نواندن – لە چەمکی زاراوە خوازراوە عەرەبیەکە (تمثیل) جیابۆوە کە سەرەتا بە هەردوو واتای ئێستای (شانۆ) ش و (نواندن)یش دەهات، تا وردە وردە چەمکی (نواندن) لە بەرامبەر (Acting) ی ئینگلیزی و (تمثیل) ی عەرەبی جێگیر بوو. هەر ئەم وشە لێکدراوەی – وێنەنمایی – ڕەگێکی پتەوی لێ دەدۆزرێتەوە بۆ وشەی – نمایش- کە ئێستا وەک زاراوەیەکی جێگیر لە بەرامبەر (performance و play show) ی ئینگلیزی و (عرض) ی عەرەبی بەکاردێت).

- ڕۆڵ، لاسایی، درام و (دراما)، پەراوە (کە ئێستا زیاتر کراوە بە پرۆڤە)، تنقید (ڕەخنەگرتن)، تدقیق (یان پێداچوونەوە – ئەمەیان هەنگاوێک لە کاری دەرهێنان یان دراماتۆرگییەوە نزیک دەبێتەوە).

- پاشان گوزارشتەکانی وەک: (تەمسیل - وێنەنمایی)، ، (تەمسیل سەنعەتە (تەمسیل – تەماشا) لەشێوەی پێناسەی کورت بۆ شانۆ و نواندن داڕێژراون، کە ئەمەیان پەیوەندییە تیۆری و فیکرییەکەی نیوان شار و شانۆ دەباتە ئاستێکی ڕەخنەیی بەرزترەوە، تەنانەت گەر لە ڕووی ڕستەسازی و واتاسازییشەوە وردتر لێی بڕوانین، ئەوا دەبینە خاوەن یەکێک لە هەرە کورتترین پێناسەکانی شانۆ و نواندن لەسەر ئاستی مێژووی شانۆ لە جیهاندا، ئەویش لەبەر یەک هۆکاری زۆر ساکار و حاشاهەڵنەگر، ئەویش ئەوەیە کە ناکرێ هیچ پێناسەیەک لە هیچ زمانێک و لە هیچ سەردەمێکدا لە (چاوگێک – سەنعەت - و کردارێکی ناتەواو – ە - کورتتربێت. پاشان هەر خودی هێنانە کایەوەی تێما و زاراوەی (تەماشا – بە واتای تەماشاکردن، نەک فرمانی داخوازیی – تەماشا بکە) هەنگاوێکی تیۆریی ڕەخنەییە کە زۆر پێش سەردەمی خۆی کەوتووە، چونکە دوای نزیکەی نیو سەدە لەوە بەدوا لە ناو ئەدەبیاتی شانۆی عەرەبی زمانانداا زاراوەی (الفرجة) لە شیکاری تیۆریی نمایشدا هاتە ناو ناوانەوە. (سعید، ٢٠١٧، ص٩٢ ). جێی سەرنجیشە کە گوزارشتی (وێنەنمایی) لە دیوانەکەی (زێوەر ئەفەندی) ی شاعیر بە دەستنووسەکەی مامۆستا (نەجمەدین مەلا) دا، لەبەردەم وشەی (تمثيل) دا لەناونیشانی ئەو شیعرەدا دانراوەو نیشانەیەکی یەکسانە (=) لە نێوانیاندا دانراوە، بەم جۆرە (تمثيل = وێنەنمایی)، وەک ناونیشانی هەموو شیعرەکانی تریش بە ڕەنگی سوور نووسراوە. (بڕوانە: دیوانی زێوەر بە دەسنووسی نجم الدين ملا، ل٨٨).

- ئافرەت بۆ یەکەم جارو، تەنها دوای ساڵێک یان بەپێی هەندێ سەرچاوە، ئەوپەڕی سێ بۆ چوار ساڵ، چوونە سەر تەختی شانۆ، تەنانەت بە بەشدارییەکی کاریگەر و داهێنەرانە، ئەویش لە چەند ڕویەکەوە:

١. لەڕووی چۆنێتیی نووسین و ئامادەکردنی دەقی نمایشەکانیانەوە: ئەوان دوو شانۆگەرییان نمایش کردووە (واتە لە هەر ڕۆژێکی ئەو سێ ڕۆژەدا کە ئاهەنگیان هەبووە، هەردوو نمایشەکە دووبارە کراونەتەوە)، یەکێکیان خۆیان نووسیویانە، ئەوی تریشیان

داوایان لە (شێخ نوریی شێخ ساڵح) ی شاعیر کردووە بۆیان بنووسێت (بەرزنجی، ٢٠٠٧، ل٢٦).

٢. لەڕووی خودی بابەتی چیرۆکی دەق و نمایشەکانیانەوە: ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بۆ دەرچوون لە وەرگێڕان و ئامادەکردن و لاساییکردنەوەی دەقی بیانی، واتە هەنگاوێک بۆ نووسینی دەقی شانۆیی خۆماڵی بە ئەندێشەو چیرۆک و زمانی تەواو خۆماڵی.

٣. لەڕووی تەکنیکی نمایشەوە: کە پەردەیان بۆ سەکۆی شانۆکەیان دروستکردووە و جلی تایبەت بە کاراکتەرەکانیان بە دوورین داوە.

### ٣- ٢ - ٢. ڕەوتی گەشەکردنەکە لە بزوێنە کورتەکەی زێوەرەوە

بۆ تێگەیشتن لە کرۆکی ڕاستەقینەی ئاست و گەشەی شانۆ لە هەر قۆناغێک یان لە هەر ڕویەکی باسەکەوە بێت، مەرج نییە تەنها لەڕوداوەکانی خودی جوڵانەوە شانۆییەکەوە بەڵگەو ئەرگۆمێنتی پێویستمان دەست بکەوێت، بەتایبەت بۆ کۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی ئێمە کە، بە هۆکاری جۆراوجۆر، لە نووسینەوەو ئەرشیفکردن و دۆکیومێنتکردندا هەژار و کەمتەرخەمین، بەتایبەتتریش لەو ڕۆژگارەی کە دەوروبەری سەدەک لەمەو پێشی سلێمانی دەکات. زۆرجاریش وا ڕێککەوتووە کە لە شوێنی پەنهان و بەڵگەی ناڕاستەخۆوە دۆزینەوەی گرنگ بەرهەمهاتوون.

یەکێک لە بەڵگە گرنگ و ڕێنیشاندەرەکان بۆ ڕەوتی گەشەکردنی کارلێک لە نێوان شار و شانۆ و پەیدابوونی هۆشیاریی دەستەبژێر و گشتینەش بە شانۆ و ڕۆڵە شارستانییەکەی لە سلێمانی، سەرەڕای کەمیی ماوەکە، ئەو شیعرە دانسقەیەی (زێوەر ئەفەندی) ی شاعیرە کە لای شانۆکارانی ئاگادار لە مێژووی هونەرەکەیان بە تایبەتی و پسپۆڕانی ئەدەبیاتیش بەگشتی ئاشنایە.

کە دەشڵێیین سەرەڕای کەمیی ماوەکە، مەبەستمان بە بەراوردە لەنێوان مێژووی تۆمارکراوی یەکەم نمایشی شانۆیی (١٩٢٣ یان ١٩٢٥ بەپێی سەرچاوە ئاماژە پێکراوەکانی پێشوو) لە لایەک و ڕێکەوتی نووسینی شیعرەکەی (زێوەر ئەفەندی) کە بە هیچ ئەگەرێک

ناکەوێتە دوای ساڵی ١٩٣٥، چونکە خودی دیوانەکەی لەو ساڵەدا بڵاوبۆتەوەو ئەو شیعرەشی تێدایە، ئێ خۆ هەموو ئەو ماوەیەش دەکاتە ١٠ بۆ ١٢ ساڵ.
ئەوەی باوەو لە زۆر بۆنەو نووسیندا بەر چاوو گوێمان کەوتووە، زێوەر لە دەستپێکی شیعرەکەیدا دەڵێت : (تەمثیل فەننی عالییە ... هتد) ئەم دەبڕینە، لە ڕوی ڕستەسازی و واتاو داڕشتنەوە ڕستەیەکی هەواڵی (خەبەری) یە، لە شێوەی ڕاگەیاندنی هەواڵێکی ساکار و چاوەڕوانکراودا وەسفی (تەمسیل - شانۆ) مان بۆ دەکات، لە باشترین دۆخیشیدا پێمان دەڵێت شانۆ هونەرێکی باڵایە، بەمەش وەک پێناسەیەکی گشتی یان ڕاستییەکی ساکار سەیر دەکرێت، کە ئاخێوەر لێرەدا بە گشتی باسی جۆری "تەمسیل" دەکات و دەکرێت هەر کەسێک لە هەر شوێنێکی جیهاندا بەو دەربڕینە گوزارشتی لێ بکات، واتا هیچ تایبەتمەندییەکی دەبڕینی تێدا نییە ئاماژەبێت بۆ لەوە زیاتر، وەک بڵێیت: هونەری تەمسیل (شانۆ، نواندن)، هونەرێکی باڵایە، واتایەکی هێمن و بێلایەنی هەیە، تەنها دەیەوێت زانیارییەک دەربارەی شوناسی هونەرەکە بدات بە بیسەر، یان تەنها وەسفی بکات.

بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێش و مایەی هەڵوەستەکردنی تایبەتە ئەو ڕاستییەیە کە چ لەدیوانەکەی (زێوەر ئەفەندی) بە دەستنووسەکەی مامۆستا (نەجمەدین مەلا) دا و چ لەو وەشانەی دیوانەکەشیدا کە چاپی ساڵی ١٩٣٥ ە، ڕاستییەکی لەوە قوڵتر دەبینین، کە دەیسەلمێنێت خاوەنی ئەم شیعرە نەیویستووە تەنها وەسفێک یان پێناسەیەکی هونەری شانۆ بەگشتی بکات، بەڵکو سێ ئامانجی تریشی هەبووەو بە بروای توێژەر هەرسێکیانیشی پێکاوە:

١. هەڵسەنگاندن و فیدباکێکی ڕاستەخۆی دەربارەی دۆخی شانۆ تۆمارکردووە.
٢. جەختی لە ئاستی گەشەی شانۆ لەو ڕۆژگارەی سلێمانیدا کردووە و دەریدەخات کە لەو شارەدا ئەزموونی بینینی نمایشی شانۆیی لەوە دەوڵەمەندترە کە دەردەکەوێت.
٣. بەو جەختکردنەشی دەربڕینێکی گشتیی سادەی چاوەڕوانکراوی، کە بۆ ئەوسای ڕوناکبیرانی سلێمانی و کوردستانیش بەگشتی لە سنووری کاریگەربوون بە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسی و تورکی و کەم کەمەش زمانێکی ئەوروپی تێنەدەپەڕی، گۆڕیوە بە دەربڕینێکی خاکیی خۆماڵیی ناوخۆیی نەک تەنها کوردیانە، بەڵکو سلێمانیانەش کە لەو ئەزموونە خۆماڵیەی (تەمسیل) و (تەماشا) وە هەڵقوڵاوە.

هەموو ئەو جیاوازییە، بەهۆی تەنها یەک (بزوێنی کورت) ەوە دەردەکەوێت، کە لە دەستنووسەکەی مامۆستا (نەجمەدینی مەلا) بۆ دیوانی زێوەر و دیوانە چاپکراوەکەشیدا (زێوەر، ٢٠٠٣)، وشەی (تمثیل)، ئاوها هاتووە:

**تمثیلە** فەنی عالی ئەحواڵی پێشووانە
نەقلی ئەکا ممثل بۆ ئەهلی ئەم زەمانە
تەمسیلچی دێتە مەیدان ئەچێتە جێگەی خۆی
دانیشتوو بۆ تەماشا هەم پیر و هەم جوانە
گەهـ پێکەنین و شادی گاهێ گرین و زاری
گفتار و کاری یەک یەک وەک سیحری ساحیرانە
یاری و گەمەی ممثل سەیر و سرووره زاهر
ئەما پڕە لە حیکمەت بۆ هەرچی کارزانە

ئاشکرایە گوزارشتی (تمثیلە فەنی عالی) کە ڕاستیەکەیە زۆر جیاوازە لە گوزارشتی (تمثیل فەنی عالییە)، کە یەکەمیان بارگاوییە بە یەقینێکی هەڵقوڵاو لەو ئەزموونە خۆماڵییەوە، پێمان دەڵێت: ئەوە تەمسیل (شانۆ، نواندن) ە کە هونەری باڵایە، نەک هیچ هونەرێکی تر، دیارە ئەم متمانەیەش کە وا لە شاعیرێکی وەک (زێوەر ئەفەندی) بکات ئەو بڕیارە بدات لە ئەنجامی پەیوەندییەکی دەوڵەمەند بە کارلێکی ڕاستەقینەی نێوان ئەو و شانۆدا دروست بووە، جا ئەگەر ئەو پەیوەندییە لە دەرەوەی سلێمانیش، بۆ نموونە لە ئەستەمبوڵ دروست بوبێت، هێشتا شێوازی دەربڕین و وردەکارییەکانی پەسناندنی تەمسیل بەو جۆرە گوزارشتە لە کاریگەریی قوڵی لەسەر ئەم شاعیرە ناودارەی کورد، هەرچەندە شیعر کەشی زمانی تایبەت بە خۆی هەیە و دەشکرێت دەربڕینی شیعری خاتری شانۆی تێدا گیرابێت.

شانۆیەک کە تەنها بەو ژمارە کەمەی نمایش تا ئەو ڕۆژەی زێوەر بڕیارەکەی تێدا داوە توانیبێتی بەو ڕاددەیە ببێتە باس و خواس و خەمی شاعیرێکی سەردەمەکەی خۆی، دیارە بناغەی پەیوەندییە ئۆرگانیکییەکەی نێوان ئەو و شارەکەی بناغیەکی پتەوەو دەکرێ هێشتا نهێنیی زۆری لە سینگی خۆیدا هەڵگرتبێت و چاوەڕوانی ئاشکراکردنیان بێت.

بە کۆی شیعرەکەشدا دیارە کە (زێوەر) بینەرێکی وردبینی شانۆ بووە، دەنا ئەو وردەکاییەی لە وەسفی کەشی نمایش و چیرۆک و ئەرک و کاری ئەکتەردا بۆ نەدەکرا، بەتایبەت لە لێکچواندنی (گفتار و کاری) ئەکتەردا بە (سیحری ساحیران) کە گوزارشتە لە

سەرسامبوونی بە توانا کردەییەکانی ، لانیکەم، زیاتر لە ئەکتەرێک، دەنا بەو جۆرە گشتاندنی بۆ نەدەکرد، بەتایبەتیش کە دواتر دوو زاراوەی گرنگی (یاری) و (گەمە) سەرباری ئەو وەسفەی دەکات. بەڵام هێشتا بەوەش تێر نابێت و دڵی ئاوناخواتەوە تا لە کۆتاییدا دەگاتە بانگهێشتێکی ناڕاستەوخۆی (کارزانەکان - سەنعەتکارەکان) ی تر تا (حیکمەت  - دانایی) لە کاری پیشەوەرانەی ئەکتەر وەربگرن.

ئەم کۆتاییەش بانگەشەیەکی هەروا ساکار نییە کە  پیشەمەندیی ئەکتەر (پڕە لە حیکمەت) بۆ (هەرچی کارزانە)، تۆ بڵێی لانیکەم گوزارشت نەبێت لەوەی کە لەدیدی زێوەرەوە و بە پێوەرەکانی سەردەمەکەی خۆی، کاری ئەکتەری خەریکە ببێتە پیشە؟ ئەمە پرسیارێکە توێژینەوەی زانستیی تایبەت هەڵدەگرێت، بەڵام وەڵامەکەی و گومان لە ئەگەرەکانی بۆیان هەیە دیوێکی شاراوەی دیناونەکراوی دیکەی پەیوەندیی نێوان شار و شانۆ لە سلێمانیی ئەوسەردەمەدا ئاشکرا بکەن.

**ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆری:**

١. شار و شانۆ جمکێکن هیچیان بەبێ ئەوی تریان پێناسە نابێت، تەنانەت نەبوونی کاراو کاریگەرانەی هەر یەکێکیان گومان بۆ هەبوونی واتاییانەی ئەویتریشیان دروست دەکات.

٢. پەیوەندیی ئۆرگانیکیانەی نێوان شار و شانۆ هەڵقوڵاوی پێویستیی خۆڕسکانەی هەریەکێکیانە بە ئەوی تریان، بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی تەندروستانەی ئەرکی هەمەلایەنەی هەردووکیان بەرامبەر تاکی مرۆڤ ئەو پەیوەندییەش پێویستی بە ڕێکخستنی زیاتر هەیە تا دەگاتە ئاستی پەیوەندییەکی دەزگاییانە کە لە ئاستی بەرپرسیاریدا بێت بەرامبەر بە پرسە گشتییەکانی کۆمەڵ.

٣. شار لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کلتوری، ڕامیاری، ئابوری و لەسەر ئاستی کایەکانی پەروەردە و فێرکاری و ڕۆشنبیریی گشتی و پەیوەندییەکان و گەشتوگوزار و شارسازیدا سوود لە شانۆ دەبینێت، ئەمانەش سەرجەمیان بواری وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریی چالاکیان بەهۆی شانۆ وە تێدا دەڕەخسێت.

٤. شانۆکار دەتوانێت لە ڕێگەی بەرهەمەکانیەوە پێگەی خۆی لە نێو ململانێی کلتوریی شاردا دیاری بکات و ڕۆڵی کاریگەری تێدا ببینێت.

٥. لە سلێمانی پێش لەدایکبوونی فەرمیی شانۆ وەک هونەرێکی سەربەخۆی ناسێنراو زەمینەسازیی کلتوری بۆ ئەو لەدایکبوونە هەبووە، بۆیە لە دایکبوونێکی سروشتیی هەڵقوڵاوی ڕەوتی گەشەی شارستانی و شاریبوونە.

٦. هەر لە نمایشە ساکارەکانی سەرەتاوە، شانۆ پێگەی خۆی لە پەروەردە و خوێندن و خوێندەواریدا نەخشاند و بووە پرسێکی گشتی.

٧. چینی خوێندەوار و ڕوناکبیرانی سلێمانی ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە، نەک هەر لە لەسەرپێخستنی شانۆدا، بەڵکو بۆ بەدەزگایی کردنیشی، هەر زوو تۆڕێکی پەیوەندیی دەزگاییان بۆ دروست کردووە، کە کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگای پەروەردەیی و بازرگانان و دەستڕۆیشتووانی شار و ڕۆژنامەشی گرتۆتەوە.

٨. ئافرەت بە ماوەیەکی کەم دوای پیاو کەوتونەتە خەمی شانۆ و لێی خۆکەوتوون، بگرە هەر لە یەکەم هەنگاویشیانەوە داهێنەرانە بۆی هاتوونەتە مەیدان و لە بیری بە خۆماڵیکردنی توخمە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی نمایشی شانۆییدا بوون.

٩. کاریگەریی شانۆ لە سلێمانی دوای تەنها (١٠) ساڵ لە نمایشی پچڕ پچڕ توانی هەم بناغەیەک بۆ سەرەتایەکی ڕەخنەی شانۆیی و ڕۆژنامەوانیی هونەری بەرهەم بهێنێت، هەم بچێتە ناو شیعریشەوە بە جۆرێک کە بەرهەمی ئەو کاریگەرییە بۆ ئێستای ئێمە ببنە سەرچاوەی توێژینەوەی شانۆیی دەربارەی بناغەی پەیوەندیی نێوان شار و شانۆ.

**بەشی سێیەم/ ڕێوشوێنەکانی توێژینەوەکە**

١-٣ . کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: لە شانۆکارانی پارێزگەی سلێمانی پێکدێت

٢-٣. نموونەی توێژینەوەکە : لە دوو بڕگە پێکدێت:

١. پانێڵی (شار و شانۆ) – کە لە ٢/٧ / ٢٠٢٦ لە بارەگای (ڤیژین فاوندەیشن) لە سلێمانی سازدرا.

٢. شانۆکارانی بەشداربووی ڕاپرسیی داخراوی توێژینەوەکە

٣-٣. ئامرازی توێژینەوەکە : پێکدێت لە:

١. ئامادەبوون و بەشداریی توێژەر لە پانێڵی (شار و شانۆ) و کۆنووسی پوختەکراوی پانێڵەکە

٢. ئاماژەکانی چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

٣. فۆرمی ڕاپرسیی

**٤-٣. میتۆدی توێژینەوەکە :**

بۆ شیکاری بڕگەی یەکەمی نموونەی توێژینەوەکە (پانێڵی شار و شانۆ) میتۆدی (وەسفیی شیکاری) گیراوەتە بەر، بۆ شیکاری بڕگەی دووەمیشیان (ڕاپرسیی شانۆکارانی سنووری پارێزگەی سلێمانی) میتۆدی (شیکاریی وەسفیی ناوەرۆکی) پەیڕەو کراوە، بۆ دروستکردنی پێوەرێکی زانستی بۆ بڕگەکانی ڕاپرسییەکە توێژەر پرسی بە پێنج شانۆکاری ئەکادیمی و پسپۆڕ و خاوەن ئەزموون کرد و ڕاو سەرنج و تێبینییەکانی ئەوانی دەربارەی بڕگەکانی پێوەرەکە وەرگرت، ئەو شانۆکارانەش ئەمانە بوون:

١. پ.ی.د. دڵشاد مصطفى (نووسەر، ئەکتەر، دەرهێنەر، توێژەر)

٢. د. نیاز لطيف (نووسەر، ئەکتەر، دەرهێنەر ، توێژەر، ڕاهێنەری نواندن)

٣. هۆرێن غريب (دەرهێنەر)

٤. ڕزگار حەمەڕەشید (نووسەر، دەرهێنەر ، توێژەر، ڕەخنەگر)

٥. ئاراس عبدالله (دەرهێنەر، توێژەر، ڕاهێنەری نواندن، مامۆستا)

پاشان تویژەر بڕگەکانی پێوەرەکەی لەدوای تێبینییەکانی پسپۆڕان داڕشتەوەو فۆرمێکی ئەلکترۆنیی بۆ دروست کردو لە ماوەی نێوان ( ٠٣ – ١١/ ٨/ ٢٠٢٦) ڕاپرسییەکەی ئەنجامدا.

### ٣-٥. شیکاری نموونەی توێژینەوەکە:

#### ٣-٥-١. بڕگەی یەکەم: پانێڵی شارو شانۆ

بە ئەزموونی ساڵگارێک کارکردن لە شانۆدا، خاوەنی ئەم توێژینەوەیە ئەو تێبینییەی لەلا چەندین بارە بۆتەوە کە هونەرمەندان بەگشتی و شانۆکاران بە تایبەتی کەم جار قسەیان لەسەر زۆربەی پرسە گرنگەکانی هونەرەکەی خۆیان، بە هەموو بوار و ژانر و وردەکاریەکانیانەوە کردووە، بەڵکو تەنانەت " لەبری قسەکردن سەبارەت بە بەرهەمە هونەرییەکانی خۆیان، بەشێکی زۆری هونەرمەندەکانی ئێمە بێدەنگی هەڵدەبژێرن، یەکێک لەو ڕستە لەکارخەرە باوانەی ئەو نێوەندە هونەرییە ئەوەیە کە دەڵێن کارەکە خۆی قسەی خۆی دەکات. بێگومان ئەوە ئاسانترین ڕێگەی خۆدزینەوەیە لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتییەکانی کارە هونەرییەکە"(حەمەڕەشید، ٢٠٢٦، ل٦٠) بەمەش هونەرمەند لەچاو کاراکتەرەکانی تری کەلتورسازیدا لە باشوری کوردستان هەرە کەمدووترین کاراکتەری پانتایی شارن، بە ڕاددەیەک تەنانەت لەسەر ئەو پرسە گرنگانەشی کە نەک هەر بۆ بەرەوپێشچونی خۆیان و هونەرەکەیان پێویستن، بگرە ئەوانەشی کە ڕاستەوخۆ هەڕەشەن بۆ سەر هونەر بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی قسەیەکی کاریگەری ئەوتۆیان نەبووە کە لایەنی بەرامبەر ناچار بکات گوێی لێ بگرێت، جا ئەو بەرامبەرە دەزگایەکی پەیوەندیدار بە بەرهەمهێنانی شانۆوە بێت یان هەر جۆرە دەزگا و ناوەندێکی تری فەرمی و نا فەرمی، سەر بە کەرتی گشتی یان تایبەت، یاخود تەنانەت دامودەزگاو کەسانی دژە شانۆش بن، مەگەر بەیاننامەیەکی ناڕەزایی و توڕەبوونێکی چەند ڕۆژەی ناو سۆشیاڵ میدیا.

لێرەوە هەر هەوڵێک بۆ کۆکردنەوەی شانۆکاران و دروستکردنی گفتوگۆ و پرس و ڕاوێژ، ڕۆڵ و کاریگەریی و بایەخی خۆی لە ئایندەی نزیک و دووری شانۆدا دەبێت، لەم ڕووەشەوە هەوڵەکانی (کارگەی شانۆ) کە بەم دواییانە خۆی ڕاگەیاند و ئەم هەوڵەی

(ڤیژن فاوندەیشن) یش چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکرێت هەنگاوی کردەیی بەدوای خۆیاندا بهێنن.

لەو پانێڵەی کە لە بارەگای ڕێکخراوی (ڤیژن فاوندەیشن) ڕۆژی ٠٢/ ٧/ ٢٠٢٦، لەژێر ناونیشانی (شارو شانۆ) ساز کرا، چەقی ڕانەگەیەندراوی سەرنجی شانۆکارانی پانێڵیست کە هەرسێکیان ئەندامی (کارگەی شانۆ) ن، (ئەرکی شار و شانۆ بەرانبەر بە یەکتر) بوو، کە بۆ ئەمڕۆی شانۆ لە باشوری کوردستان بە گشتی و شارێکی وەک سلێمانی بەتایبەتی و دوای زیاتر لە سەدەیەک چالاکیی شانۆیی، پرسێکی مشتومڕاوییە، کە "بەپێی ئەو مێژووە دەبوو شانۆ ڕەگێکی پۆلایینی لە کۆمەڵگادا هەبووایە، چونکە بەپێی قۆناغەکان ... گەشەی کردووە تا ئاستی ئەوەی ویستوویەتی لە چەندین هەوڵی جیاواز(دا) گوتارە شانۆییەکە بە ئاقاری تردا بەرێت." (جامی، ٢٠١٠، ل ٣٤).

هونەرمەندی شانۆکار (شوان کریم) کە پانێڵەکەی بەڕێوەدەبرد، پرسی سەرەکیی پانێڵەکەی ناونا : (باشکردنی دۆخی شانۆ)، ئەم ناونیشانەش بڕیاردانە و دیاننانە بەوەی (دۆخی شانۆ خراپە)، بەمەش ڕەوتی هەرسێ برگەی پانێڵەکە: (شانۆ لە ئیکۆسستمی شاردا – هۆرێن غریب)، (پەروەردە وەک بناغەیەک بۆ شانۆ؛ ناوەندەکانی خوێندن و ژێرخانی شانۆیی، شاری سلێمانی بە نموونە – ئاراس عبدالله)، (ئازادی و شانۆ؛ سانسۆری دەقی شانۆیی لە سلێمانی – ڕێژەن جمال)، دەچنە ناو گریمانەی هەوڵدان بۆ ئەو (باشکردن) ەی لەسەر بنەمای دانان بەو (خراپ) یەی دۆخی شانۆ، دەبێتە واقیعی دیالۆگی شانۆکاران دەربارەی پرسی (شار و شانۆ).

ئەگەر ئێستێک لەسەر ئەو (خراپ) یەی دۆخی شانۆ لە شاریکی وەک سلێمانی بکەین، کە بەدرێژایی سەدەیەک لەتەمەنی شانۆ تێیدا، نەک هەر لەسەر ئاستی باشوری کوردستان بەڵکو لەسەر ئاستی عێراقیش لە هەرە چالاکترین شارەکان بووە لەم هونەرەدا، ئەوا ڕوکاری کردەیی ئەو (دۆخی خراپی شانۆ) یە بریتییە لە کەمبوونەوەی ژمارەی نمایشە شانۆییەکان، چونکە زۆربەی کات سەرلەبەری بزاڤی شانۆیی لە هەبوون و نەبوونی نمایشی شانۆییدا کورتکراوەتە.

لێرەوە لەگەڵ کێشەیەکی ڕاستەقینە لە بیرکردنەوەی خودی شانۆکاران دەربارەی خودی کێشە ڕاستەقینە بوونگەراییەکەی شانۆ لە شارێکی وەک سلێمانیدا، دەرگیر دەبین، چونکە وەک (ڕاڤیار نەوزاد) ی دەرهێنەر لە پانێڵەکەدا گوتی: "کێشەکە لە نەبوونی

سیستمدایە"[1]، ئەم ڕاستیەش کە شانۆکاران خۆیان دەیزانن و زۆرجاریش بەدەربڕینی جیاجیا گوزارشتی لێ کراوە، ئیسفنج ئاسا بەشی زۆری کێشە و گرفتەکانی شانۆ هەڵدەمژێت.

لە تەوەری یەکەمی پانێڵەکەدا کە بە ناونیشانی (شانۆ لە ئیکۆسستمی شاردا) بوو، دەرهێنەری ئەکادیمی و بە ئەزموونی شانۆ (هۆڕێن غەریب)، دوای دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە "شانۆ دابڕاو نییە لە ژینگەکەی و تەنها هونەری کۆمەڵێک کەس نییە کە کاری تێدا دەکەن، بەڵکو بەشێکە لە شار و پەیوەندییەکی تێکەڵیان هەیە و شانۆی زیندوو لە چەقی تۆڕێکی پەیوەندیی فرە لایەندایە"، وێنایەکی لە ڕواڵەتدا ئایدیالی و لە ناوەڕۆکدا واقیعیی دەربارەی (سوڕی ژیانی شانۆ ) لەسەر بنەمای گریمانەیەک بۆ ڕێکخستنێکی شارستانیانەی کاری دەزگایی (کارگێڕی و دارایی) لە بەڕیوەبردنی چالاکیی شانۆییدا دروستکرد، جەختیشی لەوە کردەوە کە ئەرک و ڕۆڵ و بوونی شانۆ لەسەر تەختەی شانۆ کورت نابێتەوە و تەنها نمایشی شانۆیی پێکی ناهێنێت تا هەر کە نمایش تەواو بوو ئەرک و ڕۆڵ و ژیانی شانۆش تەواو ببێت ... بەڵکو ... بینەر گرنگترین ڕەگەزی شانۆ و سەرچاوەی سەرەکیی ماددی و مەعنەوییەتی؛ پرۆسەی دیالۆگ و ڕەخنەی ڕاستەقینەش هەر لە بینەرەوە دەست پێدەکات".

ئەو چارەسەرەی (هۆرین) بۆ دۆخی خراپی پەیوەندیی نێوان شار و شانۆ دەیبینێت، لە پرۆژەیەکی هەمەلایەنەی ستراتیجیدا خستییە ڕوو، وێنەیەکی گریمانەیی بۆ هەر ڕۆژێکی دیاریکراو لە ژیانێکی تەندروستی ناو ئەو پەیوەندییە (شار/ شانۆ) ی لەخۆ گرتووە کە بەیانییەکەی بە سەردانی قوتابیان و خوێندکاران بۆ هۆڵێکی شانۆ بە مەبەستی ئاشنابوون بە هونەرەکە دەست پێ دەکات، پاشان نمایشێکی شانۆیی منداڵان هەبێت بە بلیت یان بەخۆڕایی، ئەمجا ۆرکشۆپ و کۆرسی فێرکردن، لەولاشەوە نزیک لە هۆڵی شانۆ ، کافێ و چێشتخانە هەبێت بۆ نانخواردنی نیوەڕۆی میوان و بینەر و سەردانکەران، دوای نیوەڕۆش خوێندکارانی زانکۆ بێن بۆ توێژینەوە لەسەر شانۆ یان دەرهێنەرێک یان ئەکتەرێک، بە گریمانەی ئەوەی کە ڕۆژانە لە نزیک هۆڵی شانۆکە شانۆکار لە بوار و ژانری جیاجیا ئامادەن و خوێندکارەکان دەتوانن زانیارییان لێ وەربگرن. لە گۆشەیەکی تری شوێنەکەوە پێشانگای فۆتۆگرافی تایبەت لەسەر شانۆ هەبێت، کتێبخانەی تایبەت بە شانۆ و پێداویستییەکانی لەبەردەستی هەمواندا هەبن، کۆڕی گفتوگۆ و دیالۆگ هەیە

---

[1] لەم بڕگەیەدا هەر دقێکی وەرگیراو کە لە بەردەم خۆیدا سەرچاوەکەی دەستنیشان نەکرابوو، دەقی گفتوگۆی بەشداربووانی پانێڵی (شار و شانۆ) یە کە بڕگەی یەکەمی نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت، بۆیە تەنها ئاماژە بە ناوی خاوەنی ئەو بۆچوونە دەدرێت.

که دەمانگەیەنێتە نمایش، دوای ئەوەش نمایش دەستپێدەکات، دوای نمایشیش دیسان کۆڕی گفتوگۆ و دیالۆگ لەسەر نمایشەکە هەیە.

هۆڕێن بەمتمانەوە دڵنیایی لە سوودی فرەلایەنەی پرۆژەکەی خۆی بە ئامادەبووان دەدات کە لە ناوەرۆکدا تەنها ڕێکخستنێکی دەزگاییە بۆ دروستکردنی (سوڕی ژیانی شانۆ) و پێمان دەڵێت؛ ئەگەر کاری لەسەر بکرێت ئەوا: بە کوژاندنەوەی ڕووناکی شانۆ نامرێت، چونکە بە بوونی نمایش زۆر کەرت و کەس و بواری گوزەران وەک شۆفێری تاکسی و فۆتۆگرافەر و کارمەندی چاپخانە و تەکنیککار و زۆری تریش ئیشیان زیاتر دەبێت، هەرچەندە خۆ لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا هۆڵەکان ژیانیان تێدا بووە بەڵام چەنکە سوڕی ژیانی ڕۆژانەی شانۆ ڕێک نەخراوەو کاری بۆ نەکراوە ئەم جوڵە کۆمەڵایەتی وئابوریەمان لە دەوری شانۆ نەبووە. قسەکانیشی بەوە کۆتایی پێهێنا کە "دەکرێت هۆڵی ئامادەیی سلێمانی کوڕان بکەین بە نمونە بۆ جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە".

بیرکرنەوە لە ڕێکخستنی (سوڕی ژیانی شانۆ) پرۆژەیەکی شارستانییە، شارستانی بە پیاهەڵدان (مەدح) ناڵێم بەڵکو بە پەسناندن (وەسف)، ئەویش لەسەر بنچینەی ئەو بیرکردنەوە شارسازییانەیەی (لویس مەمفۆرد) کە ئۆرگانیزمی پەیوەندیی نێوان شار و شانۆی تێدا پوخت کردۆتەوە و پێی وایە: شار شانۆ دروست دەکات لە کاتێکدا خۆی شانۆیە " (Makeham, 2005,pp 150-160)، بەڵام گرنگە ئەوەشی بۆ زیاد بکەین کە تەنها شار شانۆ دروست ناکات، بەڵکو شانۆش شار دروست دەکات، بۆیە شارەکان ناچارن شانۆ، بە واتا ماددی و واتاییەکەشی، دروست بکەن تا شانۆش بتوانێت شارێکی پێشکەوتوتریان بۆ دروست بکاتەوە.

شار لەم دەربڕینەدا وەک شوێنێکی گونجاو بۆ ژیانی شاریانە بەکار هاتووە، نەک وەک ئەو قەرەباڵغییە بێ سیستم و ئایدیایەی خەریکە زۆر بە قوڵی شارەکانی ئێمەی بۆ پەلکێش دەکرێن و ئیدی چەمکی شار لە کەڵەکەکردنێکی بێ ڕۆحی تەلار و باڵەخانەکاندا کورت دەکرێتەوە، بەوەی "گرنگیی لەڕاددەبەدەر دراوە بە فۆرمگەرایی وەرگیراو و لاساییەکی کوێرانەی هەندێ وڵاتی بەکاربەری عەرەبی ...، ئەمەش وەک بنەمایەکی هاوچەرخ بۆ شارسازی لای ئێمە خۆی پیادەو نمایش کردووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ژێرخانێکی بەتاڵ لە ماناو بێ شوناسی خودگەری شارستانیمان بۆ دەخوڵقێنێت. ئەم بەتاڵییە شاری کردۆتە جەستەیەکی بێ گیان و مردوو، تووشی قەیران و ئافەرۆزکردنی شوناسی هونەری و ئیستاتیکیی کردووە." (قەرەداغی، ٢٠١١، ل١٤)

له ڕوی کردەییەوە کارکردن له سەر دروستکردنی سورێکی ژیان بۆ شانۆ له شارێکی وەک سلێمانیی ئەم ڕۆژگارەدا، ڕێگەی زۆری لێ دەبێتەوە، ڕێی یەکەمی دەچێتەوە سەر کەرتی پەروەردە و پرۆسەی خوێندن و فێرکاری، چونکە بەدەر له کاریگەرییە قوڵەکەی پەروەردە لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان شار و شانۆ، ئەوا له خۆشبەختیی شارەکانی کوردستانیشە کە زیاتر له سەدەیەک لەمەوبەر قوتابخانە یەکەم دەزگای بەرهەمهێنی شانۆ بووە تێیاندا، لەکاتێکدا کە هێشتا دێرینترین زانکۆی باشوری کوردستان کە زانکۆی سلێمانییە تا ئێستاش کە بەرەو چارەکی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٦ دەچین، نەک هەر ئەکادیمیا یان کۆلێژی تایبەت بەڵکو بەشێکیشی له هیچ کۆلێژێک بۆ شانۆ نەکردۆتەوە.

ئەگەر نزیکەی سەدەیەک لەمەوبەر تەنانەت مامۆستای بنەڕەتی (ئیبتیدائی و موتەوەسیتەی ئەو ڕۆژگارە و – سەرەتایی و ناوەندیی ڕۆژگاری پێش ڕاپەڕینی ١٩٩١) یشمان دەگمەن بوون ئێ خۆ ئێستا چەندین خاوەن بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای شانۆمان هەیە و شانۆکاران هەوڵی زۆریشیان دا بەڵام هێشتا له هیچ زانکۆیەکی سنووری پارێزگەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارە سەربەخۆکانی گەرمیان و ڕاپەڕین تەنانەت بەشێکیشمان نییە تایبەت بە شانۆ، زانکۆی سلێمانییش بۆ نموونە تاکە زانکۆی ئەم دوو پارێزگەو دوو ئیدارەیەیە کۆلێژی هونەری هەبێت: کە له ساڵی (١٩٩٨-١٩٩٩) وە دامەزراوەو له بەشەکانی هونەری پلاستیک: (نیگارکێشی و پەیکەرسازی و سیرامیک)، موزیک، فیلمسازی، گرافیک دیزاین پێکهاتووە. بەڵام ئەی شوێنی شانۆ لەم کۆلێژە و ئەم زانکۆی دایکەدا کوا؟!

ئایا شانۆ،کە بەدرێژایی سەدەیەک زیاترە یەکێک له مۆرک و سیما هەرە دیارەکانی شارستانی بووە له سلێمانی، هێشتا و هەرنەبێ، بەدرێژایی بیست و هەشت ساڵ له تەمەنی ئەم کۆلێژە گرنگەی زانکۆی سلێمانی، شایەنی ئەوە نەبووەو نییە بەشێکی پێ ڕەوابببینرێت؟ ئەگەر سەدەیەک لەمەوبەر تەنانەت بۆ کردنەوەی قوتابخانەیەکی بنەڕەتیش، بۆ نموونە قوتابخانەی (زانستی کوڕان) و (زەهرای کچان)، ئاسان نەبوو خانویەکیش دەست بکەوێت (بڕوانە؛ ڕەشید، ٢٠١٢، ل٤٦ و بەرزنجی، ٢٠٠٧، ل ٢١ - ٢٣) بەڵام هەر کرانەوەو بوون بە یەکێک له شانازییەکانی شاربوونی سلێمانی و له شانۆشدا سەروەرییەکی مێژوویی داهێنەرانەیان بۆ شارەکەیان تۆمار کرد، ئەی ئێستا بە سی و پێنج ساڵ حوکمی خۆبەخۆیی کورد له شارەکانی خۆیدا بۆچی نەتوانرا ئەکادیمیایەک، کۆلێژێک، تەنانەت بەشێکیش بۆ شانۆ بکرێتەوە؟! لەڕوی ئاکاری و پیشەییەوە جێی

خۆیەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و شانۆکارانیش وەڵامی قایلکەریان بۆ ئەم پرسیارە هەبێت، هیچکامیشیان لە بەرپرسیاری بەدەرنین.

کاراکردنەوەی ناوەندەکانی خوێندن لە ئەو (سوڕی ژیانی شانۆ) یەدا  کە (هۆڕێن) باسی دەکات، کاریگەریی خێراتر و ڕاستەوخۆتری دەبێت لەوەی چاوەڕوان دەکرێت، بەڵام ئەوە بەرنامەی ورد و ڕەنجی لێبڕاوانەی پێویستە کە ئەمەش فێرکار و پەروەردەکار و پسپۆڕی پەروەردەی هونەری و پسپۆڕانی دیکەش دەگرێتەوە.

لێرەوە  توێژینەوەکەی شانۆکار (ئاراس عبدالله) کە تەوەری دووەمی پانێڵەکە بوو بە ناونیشانی (پەروەردە وەک بناغەیەک بۆ شانۆ؛ ناوەندەکانی خوێندن و ژێرخانی شانۆیی، شاری سلێمانی بە نموونە ) وەک بنەمای بیرکردنەوە لە تەوەرێکی ناو پرۆژەیەکی گشتگیر بایەخی خۆی دەبێت، چونکە بە داتا ڕونیکردەوە کە چۆن دەکرێت لە ماوەی خولێکی تەواوی ژیانی هەر تاکێکی شارنشین لەسلێمانی، لەڕێی دەزگای فێرکارییەوەو هەر لە یەکەم ساڵی چوونە بەر خوێندنیەوە تا دەگاتە زانکۆ، زەمینەی ئەوەی بۆ سازبکرێت تا ببێتە بینەرێکی شانۆ،  ئەمەش لانی کەمی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە چاوەڕونکراوەکەی ئەم هونەرەیە.

ئەو ماوەیەی (ئاراس) باسی دەکات بە تێپەڕبوونی ئاسایی دەکاتە دوازدە ساڵ خوێندن. واتا شار، بە شێوەیەکی داینامیکی دەتوانێت بە هەماهەنگیی سەرجەم دەزگا پەیوەندیدارەکانی، لەو ماوەیەدا دەیان هەزار بینەر بۆ شانۆ پەروەردە بکات.

ئەو لەڕێی لێکدانەوەی ژمارەی تۆمارکراوی قوتابیان و خویندکارانەوە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی سلێمانی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٤ - ٢٠٢٥)، ڕونیکردەوە کە لە (١٥٢٥) قوتابخانە و خوێندنگەی سنووری کۆی پارێزگەکەدا (٣٩٣،٥٦٦) قوتابی و خوێندکار دەخوێنن. دوای خستنەڕووی وردەکاریەکانی ئەو ژمارانە و دابەشبوونیان بەسەر قۆناغەکانی خوێندن لە بازنەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و ئامادەیی، جۆری شانۆی گونجاوی بۆ هەریەک لەو قۆناغانە بە پێی تەمەنی قوتابی و خوێندکارەکانی لە تێگەیشتنی خۆیەوە ڕوون کردەوە. پاشان بە پرسیارێک و گریمانەیەک ستراتیژی پرۆژەیەکی خستەڕوو، پرسیارەکە ئەوە بوو کە: بە لەبەرچاوگرتنی ئەم زانیاری و داتایانە، چۆن دەتوانین بیر لە دروستکردنی ژێرخانی شانۆیی بکەینەوە؟  گریمانەکەشی ئەوەبوو کە: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردە ساڵانە نمایشی شانۆیی پێشکەش بکات.

**بۆ جێبەجێکردنی ئەم گریمانەی نمایشکردنە لە هەر ساڵێکی خوێندندا، دوو میکانیزمی وەک پێشنیاز خستە ڕوو:**

یەکەم/ سەفەری فێرخواز بۆ ناو هۆڵی نمایش: بۆ هەر بازنەیەک، هۆڵێکی تایبەت دابین بکرێت و ساڵانە نمایشێکی گونجاو لەگەڵ تایبەتمەندیی تەمەنیاندا بەرهەم بهێنرێت.

دووەم/ سەفەری نمایش بۆ ناو خوێندنگەکان: بە هەمان میکانیزمی سێ بازنەکە، نمایشەکان بەرهەم بهێنرێن، بەڵام لەجیاتی هۆڵ، ئۆتۆمبێل و هۆکاری گواستنەوە بۆ ستافی نمایشەکە دابین دەکرێت.

بۆ هەریەک لەمانەش وردەکارییەکی سەرەتایی پێشکەش کردووە، کە پێویستیان بە ساغکردنەوەو وردکردنەوەی زیاتر و لێکۆڵینەوە لە ئەگەرەکانی جیبەجێکردنیان هەیە، بەڵام بە کۆی پرۆژەکە جێبەجێکردنی ئاسانە و تەنها بە ڕێکخستنی هەماهەنگییەکی تۆکمە لە نێوان هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکاندا زۆربەی بەربەست و ئاستەنگەکان لەبەردەمی هەڵدەگیرێن.

پاشان (ئاراس) سێ ئەنجامی چاوەڕوانکراویشی دەستنیشان کرد:

"ئەنجامی یەکەم/ زیادبوونی ڕێژەی بینەری ئاسایی بەشێوازێکی زۆر کاریگەر و گەورە.

ئەنجامی دووەم/ گۆڕانی بازاڕ و ئابووریی کولتووری.

ئەنجامی سێیەم/ دروستبوونی (نەوەی خێزانی شانۆدۆست)."

هەرچەندە ئەو زیادبوونەی ڕێژەی بینەر کە لە خاڵی یەکەمدا باسی دەکات و لە توێژینەوەکەشیدا بەژمارە ڕوونی کردۆتەوەو لە ڕوی هەژماکردنەوە دروستەو چاوەڕێ دەکات بە جێبەجێکردنی ئەم پلانە لەماوەی ١٢ ساڵدا لانیکەم شانۆ ببێتە خاوەنی (٣٦ – ٤٢ هەزار) بینەری چالاک، هەروەها ئەو گۆڕانی بازاڕ و ئابووریی کلتورییە کە لە خاڵی دووەمدا باسی دەکات و هاوڕام لەوەی هێنانەدیی لەو ڕێگەیەوە ئاسانە، بەڵام لەڕاستیدا ئەو گۆڕانکارییە واتایی و ڕیشەییەی شانۆ و شار بەپلەی یەکەم پێویستیانە و دەبێتە بنەما بۆ گەیشتن بەم دوو ئەنجامە، دروستبوونی (خێزانی شانۆ دۆست) ە کە (ئاراس) ناوی ناوە (دروستبوونی نەوەی خێزانی شانۆدۆست) و لە ڕیزبەندییەکەدا خستویەتیە کۆتایی ئەنجامەکانیەوە، کە پێشنیاز دەکەم بیکاتە ئامانجی پراکتیکیی پرۆژەکەیشی.

تەوەری سێیەمی پانێڵەکە، دەمانباتەوە سەر دیوێکی ئەو سەرەتایەی شیکاری ئەم بڕگەیەی نموونەی توێژینەوەکە و لە یادەوەریی شانۆکارانی تەمەن پەنجا ساڵ ودەوروبەریشیدا برینی قوڵ دەکولێنێتەوە.

ئەم تەوەرەی شانۆکار (ڕێژەن جمال) کە بە ناونیشانی (ئازادی و شانۆ؛ سانسۆری دەقی شانۆیی لە سلێمانی) بوو، پرس و باسێکی گرنگی هێنایەوە پێشەوە کە لەم ئاستە قووڵەدا کەمجار لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە ناوەندە هونەرییەکاندا مابوو، ئەویش مێژوو هۆکار و ئامانجەکانی سانسۆری دەقی شانۆییە، جا بە هەر ناو و بیانوویەک بێت.

وەک خاوەنی تەوەرەکە ئاماژەی پێدا، بوونی سانسۆر لەسەر دەق و بردنی بۆ دامەزراوە ئەمنییەکان پاشەکشەیەکی ترسناکە و پێویستە بە تەواوی نەمێنێت، چونکە شانۆ هەمیشە داکۆکیکاری پرسە نیشتمانییەکان بووە و نابێت بەم شێوازە بەربەست لەبەردەم بیر و بیرۆکەی ناو دەقەکانی دابنرێن، بەتایبەت کە ئەرکی سەرەکیی شانۆ ڕەخنەگرتنە لە خودی سیستم نەک لە کەسەکان.

**ترسی گەورەی ئامادەبووان و بەشداربووانی گفتوگۆکە لەم دیاردەیەو چەندبارەبوونەوەی، لە سێ خاڵی سەرەکیدا چڕ دەبێتەوە:**

١. بوونی سانسۆر متمانەی مێژوویی نێوان بینەر و نمایش لەناو دەبات و درزێکی قووڵ لە نێوانیاندا دروست دەکات کە ئەگەر گەورەتر ببێت داخستنەوەی نە بۆ شانۆکاران نە بۆ بینەر و نە بۆ دامودەزگای حوکمڕانیش ئاسان نابێت.

٢. ئەم ڕێکارە ئەمنییە جۆرێک لە دابڕان، دوورکەوتنەوە و ململانێی ناوخۆیی لە نێوان خودی شانۆکاران خۆشیاندا بەرهەم دەهێنێت کە زیان بە خێزانی هونەری دەگەیەنێت و تۆوی بێ متمانەیی لەناویاندا دەچێنێت.

٣. مەترسیدارترینیان ئەوەیە کە بردنی دەقی شانۆیی بۆ دەزگای ئەمنی و ڕاستەوخۆ لەدەستی شانۆکارەوە یان داواکردنی لەشانۆکارەکە، دەبێتە هۆی دروستبوونی پۆلیسێکی دەروونی لە هۆشی ئەو شانۆکارەو هاوکارەکانیدا، بە جۆرێک کە دواجار خودی داهێنەرەکە دەبێتە سانسۆر و بڕیاردەر لەسەر فەوتاندنی دەق و خەیاڵە ئازادەکانی خۆی پێش ئەوەی بگەنە سەر تەختە.

ئەم ڕێکارە تەنها ڕۆتینێکی کارگێڕی نییە، بەڵکو لێدانە لە توانای نوێبوونەوە و داهێنانی دەقەکان، کە وا دەکات شانۆ لە ناوەڕۆکە ڕەسەن و زیندووەکەی خاڵی ببێتەوە و نەتوانێت گوزارشت لە ڕاستییەکانی سەردەمەکەی بکات.

شانۆ لە مێژووی خۆیدا هەمیشە وەک سەکۆیەکی ئازاد و پێشەنگ سەیر کراوە، بۆیە هەر جۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی، مۆرکە جیاوازەکەی لە ناو دەبات و دەیکاتە بەشێک لە پڕوپاگەندەی باو. لەم سۆنگەیەوە، پاراستنی ڕەهەندی داهێنانی شانۆکاران بەبێ ترسی ئەمنی و کۆمەڵایەتی، مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ مانەوەی ئەم هونەرە وەک هێزێکی ڕەخنەگر و چاکسازیخواز لە کۆمەڵگەدا.

**٢ – ٣ – ٥. برگەی دووەم/ شیکاری ناوەرۆکی فۆرمی ڕاپرسیی شانۆکاران**

بە ئامانجی بەدیهێنانی تێگەیشتنێکی زانستیانە بۆ دۆخی هەنوکەی بزاڤی شانۆ لە دیدی شانۆکارانی سنووری پارێزگەی سلێمانییەوە و ئەنجامدانی شیکارێکی متمانەپێکراو بۆ ناوەرۆکی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی ڕاپرسییەکە کە لەسەر بنەمای (پێوەری لایکرتی پێنجی point Likert Scale-5) ، پشتمان بە مێتۆدی (شیکاریی وەسفیی ناوەرۆک) بەستووە. ئەم مێتۆدە یارمەتیدەرە بۆ گۆڕینی داتاکانی پێوەری پێنجی لایکرت بۆ کۆدە وەسفی و واتاییەکان، تا بتوانرێت ئاڕاستەی گشتیی بەشداربووان، ئاڵەنگارییەکان، و پێداویستییەکانی خێزانی شانۆ بە شێوازێکی زانستی و هاوچەرخ پۆلێن بکرێن.

فۆرمی ڕاپرسییەکە لە دوو بەش پێکهاتووە؛ بەشی زانیاریی گشتی و پسپۆڕیی بەشداربووان کە تایبەتمەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە دەردەخەن، بەشی برگەکانی ڕاپرسییەکەش لە (٣٠) برگە پێکهاتووەو بە یەکسانی بەسەر شەش تەوەردا دابەشکراون. بۆیە شیکارییەکە هەر بەهەمان ڕیزبەندیی فۆرمەکە ڕێ دەکات.

**بەشی یەکەم: تایبەتمەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە**

بۆ بەدەستهێنانی وێنەیەکی ڕوون لەسەر پێکهاتە، ناسنامە، و ئاستی ئەکادیمی و پیشەییی ئەو کەسانەی بەشدارییان لەم ڕاپرسییەدا کردووە، ئەنجامەکانی وەسفیی شیکاریی بۆ زانیارییە سەرەتاییەکان بەم شێوازەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:

١. ڕادەی شەفافیەت و متمانە (ناوی سیانی):شیکردنەوەی ناوەڕۆکی فۆرمەکان پیشانی دەدات کە بەشێکی هەرە زۆری بەشداربووان بە ئارەزوومەندانە و سەرپشکانە ناوی سیانی خۆیان نووسیوە؛ بە جۆرێک کە لە (٧٣) بەشداربوو، (٦٠) شانۆکاریان ناوی خۆیان تۆمار کردووە، کە ئەمەش دەگاتە (٨٢٪)ی کۆی گشتیی بەشداربووان. ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ متمانەی بەرزی شانۆکاران بە گرنگیی توێژینەوەکە و دڵنیابوونیان لە دەربڕینی ڕاکانیان بە شێوازێکی بەرپرسیارانە.

٢. تەمەنی بەشداربووان: زۆرینەی هەرە زۆری وەڵامدەرەوەکان لە قۆناغی پێگەیشتن و لوتکەی ئەزموونی هونەریدان. تەمەنی نێوان (٣٦ - ٤٥ ساڵ) زۆرترین ڕێژە پێکدەهێنێت کە دەگاتە (٥٢.١٪). لە کاتێکدا تەمەنەکانی (٤٦ - ٥٥ ساڵ) بە ڕێژەی (١٧.٨٪) و تەمەنی سەروو ٥٥ ساڵیش بە هەمان ڕێژە (١٧.٨٪) بەشدارن. لە بەرامبەردا، نەوەی گەنجتر لە تەمەنی (٢٦ - ٣٥ ساڵ) بە ڕێژەی (٩.٦٪) و تەمەنی (١٨ - ٢٥ ساڵ) بە کەمترین ڕێژە کە تەنها (٢.٧٪)ی بەشدار بوونە، ئەمەش نیشاندەری ئەوەیە کە دەرەنجامەکانی ئەم ڕاپرسییە زیاتر گوزارشت لە ڕای نەوەیەکی خاوەن ئەزموونی جێگیر دەکات.

٣. شوێنی کارکردن:لە ڕووی پێگەی پیشەییەوە، کەرتی گشتی (حکومی) پشکی شێری بەرکەوتووە؛ بە جۆرێک کە (٧٤٪)ی بەشداربووان لە کەرتی گشتیدا کار دەکەن. لە کاتێکدا کەرتی تایبەت (١٦.٤٪)، کاری سەربەخۆ (١٢.٣٪)، بێکاری (١.٤٪)، و بوارەکانی تر (١.٤٪) پێکدەهێنن. ئەم داتایە دەیسەلمێنێت کە زۆرینەی هونەرمەندانی شانۆ لە ڕووی داراییی و ئیدارییەوە سەر بە دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەتن، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ ئەو دەرەنجامانەی کە لە تەوەرەکانی تردا باسی ڕەخنەگرتن لە سیاسەتی کارگێڕی و داراییی حکومەت دەکەن.

٤. پەیوەندیی کاری ڕۆژانە بە شانۆوە: ئەنجامەکان دووپاتی دەکەنەوە کە بەشداربووان بە تەواوی لە ناو جەرگەی کایە شانۆییەکەدا دەژین؛ چونکە (٥٠.٧٪)ی ئەوان کاری ڕۆژانەیان "زۆر نزیکە" لە شانۆوە، و (٢٦٪)یشیان "نزیکە". لە کاتێکدا تەنها (١٣.٧٪) بە "تاڕادەیەک"، (٨.٢٪) بە "دوور"، و (١.٤٪) بە "زۆر دوور" وەسفی پەیوەندیی کاری ڕۆژانەیان بە شانۆوە دەکەن. کەواتە نزیکەی (٧٦.٧٪)ی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕۆژانە مامەڵە لەگەڵ کێشە و واقیعی شانۆدا دەکەن.

٥. بواری ئەزموون و پسپۆڕی هونەری: شیکردنەوەی فرە پسپۆڕیی بەشداربووان دەریدەخات کە لایەنی "نواندن" بە ڕێژەی (٦٤.٤٪) لە پێشەوەی سەرجەم بوارەکاندایە، بە دوای ئەویشدا "دەرهێنان" بە ڕێژەی (٤٢.٥٪) دێت. بوارەکانی تریش بەم شێوازە دابەش بوون: وانەوتنەوە و ڕاهێنان (٢١.٩٪)، نووسینی دەق (١٥.١٪)، تەکنیککاری و کاری هونەری (١٥.١٪)، و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە بە کەمترین ڕێژە کە (٦.٨٪)یە. هاوکات (١٧.٨٪)ی بەشداربووان لە "زۆربەی بوارەکاندا" ئەزموونیان هەیە و (٥.٥٪)یشیان لە "هەموو بوارەکاندا" کاریان کردووە.

**تێبینی: چونکە بەشداربووان مافی هەڵبژاردنی زیاتر لە بژاردەیەکیان هەبووە، کۆی گشتی ڕێژەکان لە ١٠٠٪ زیاتر دەبێت، کە ئەمەش دەوڵەمەندیی ئەزموونی وەڵامدەرەوەکان نیشان دەدات.**

ئاستی ئەکادیمی (بڕوانامە): کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ئاستێکی ئەکادیمی بەرز و شیاوی هەیە؛ بە شێوەیەک کە خاوەن بڕوانامەی "دبلۆم" بە ڕێژەی (٤٧.٩٪) و "بەکالۆریۆس" بە ڕێژەی (٤١.١٪)، زۆرینەی هەرە زۆری پێکهاتەی بەشداربووان پێکدەهێنن. خاوەن بڕوانامە باڵاکانیش ئامادەییەکی بەرچاویان هەیە؛ "ماستەر" بە ڕێژەی (١٥.١٪) و "دکتۆرا" بە ڕێژەی (٤.١٪). لە بەرامبەردا، ڕێژەی خوێندنی گشتی تەنها (٢.٧٪)یە و ئەوانەی هیچ بڕوانامەیەکیان نییە (١.٤٪) پێکدەهێنن. ئەم ئاستە ئەکادیمییە بەرزە (نزیکەی ٥٦٪ بڕوانامەی بەکالۆریۆس و سەرووترن) کێش و بەهایەکی زانستیی زیاتر دەبەخشێتە ئەو سەرنج و ڕەخنانەی کە لە تەوەرەکانی پەروەردە و خوێندنی باڵادا لێکدراونەتەوە.

**بەشی دووەم: بڕگەکانی ڕاپرسییەکە (٣٠ بڕگە)**
**تەوەری یەکەم: ژێرخان و تەکنیک (بڕگەکانی ١ - ٥)**

ئەنجامەکانی شیکاریی ناوەڕۆکی ئەم تەوەرە پیشانی دەدەن کە ئاڕاستەیەکی گشتیی نەرێنی و ناڕەزایەتییەکی بەربڵاو بەرامبەر بە دۆخی فیزیکی، تەکنیکی و کارگێڕیی هۆڵەکانی ئێستای شانۆ بوونی هەیە. لە ڕووی ژێرخانی فیزیکی و ئەندازیارییەوە، هیچ کام لە بەشداربووان لەڕووی تەلارسازییەوە ئەو هۆڵانەی ئێستا لە سنووری پارێزگای سلێمانی نمایشی شانۆییان تێدا ئەنجام دەدرێت بە گونجاو نازانن، لەبەرامبەردا زۆرینەیەکی ڕەها کە دەگاتە (٨٠.٩٪) بە نەگونجاویان دەزانن.

ئەم کێشەیە لە ڕووی جوگرافییەوە زیاتر قووڵ دەبێتەوە، چونکە (٨٧.٦٪) ی بەشداربووان دووپاتی دەکەنەوە کە هۆڵی شانۆ لە گەڕەکەکان و یەکە کارگێڕییەکانی وەک شارۆچکە و شارەدێیەکاندا نییە. هاوکات، لە ڕووی لایەنی تەکنیکیشەوە، (**٨٤.٩٪**) ی شانۆکاران لە توانای تەکنیکیی هۆڵەکان ناڕازین و پێیان وایە کارئاسانی بۆ دیزاینی هونەری ناکەن. ئەم دۆخە بەهۆی سستیی پرۆسەی نۆژەنکردنەوەوە بەردەوامی هەیە، چونکە تەنها(**٨.٢٪**) ی بەشداربووان لەو هەوڵانە ڕازین کە تا ئێستا بۆ نۆژەنکردنەوە و بەرزکردنەوەی توانای تەکنیکی کراون، لەکاتێکدا (**٨٢.٤٪**) یان لەم بارەیەوە هاوڕا نین.

ئەم کێشە فیزیکی و تەکنیکییانە ڕاستەوخۆ دەبەسترێنەوە بە سستمی بەڕێوەبردنەوە؛ چونکە لە ڕووی بارودۆخی کارگێڕییەوە، هیچ کام لە بەشداربووان "زۆر هاوڕا" نەبووە، و تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەم کە دەگاتە (**٢.٧٪**) هاوڕان لەگەڵ ئەوەی هۆڵەکان بە سیاسەتێکی دارایی و کارگێڕیی ڕوون و پێشکەوتوو دەخرێنە خزمەتی بەرهەمە شانۆییەکانەوە، لە کاتێکدا زۆرینەی هەرە زۆر بە ڕێژەی (**٩٠.٤٪**) لەم سیاسەتە ناهاوڕا و زۆر ناهاوڕان.

**تەوەری دووەم/ پەروەردەو خوێندنی باڵا (بڕگەکانی ٦ -١٠)**

کۆدە وەسفییەکانی ئەم تەوەرە گوزارشت لە دابڕانێکی ڕوون دەکەن لە نێوان کایەی ئەکادیمی و پرۆسەی پەرەپێدانی هونەری شانۆدا. زۆرینەیەکی بەرز کە دەگاتە (**٨٣.٦٪**)

ی بەشداربووان هاوڕا و زۆر هاوڕان  لەگەڵ ئەوەی کە نەبوونی بەشی شانۆ لە هیچ کۆلێژ و زانکۆیەکی سنووری پارێزگای سلێمانیدا پشتگوێخستنێکی ئاشکرای ئەم هونەرەیە لەسەر ئاستی خوێندنی باڵا و زیانی بە ژیانی ئەکادیمیی هونەرەکە گەیاندووە. لە هەمان کاتدا، ئاڕاستەی گشتی بەرامبەر بە ڕۆڵی ئێستای زانکۆ و کۆلێژەکان نەرێنییە، بەو پێیەی(**٧٤٪**) پێیان وایە پەیوەندیی زانکۆکان لەگەڵ شانۆکاراندا لە ئاستی بەرپرسیاریی هونەری و زانستیدا نییە.

ئەم بۆشاییە پەروەردەییە تەنها لە خوێندنی باڵادا نییە، بەڵکو قۆناغەکانی پێشتریشی گرتووەتەوە؛ چونکە (**٨٠.٨٪**) ی بەشداربووان پێیان وایە گرنگیدانی وەزارەتی پەروەردە بە چالاکیی شانۆیی لە ناوەندەکانی خوێندندا بەپێی پێویست نییە، زۆرینەیەکی بەرزیش بە ڕێژەی(**٨٥٪**) ئاماژە بەوە دەکەن کە لە (وانەی پەروەردەی هونەری)ی قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەییدا گرنگی بە شانۆ نەدراوە. وەک چارەسەرێکی ستراتیژی بۆ ئەم کێشەیە، کۆدەنگییەکی بەهێز بە ڕێژەی (**٨٧.٧٪**) لە نێوان شانۆکاراندا هەیە کە پێویستە وانەیەکی سەربەخۆی تایبەت بە هونەری شانۆ (لانیکەم بە دوو بەشەوانە لە هەفتەیەکدا) بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی زیاد بکرێت.

**تەوەری سێیەم/ کارگێڕی و دارایی (بڕگەکانی ١١ - ١٥)**

شیکردنەوەی ناوەڕۆکی داتاکانی ئەم تەوەرە پیشانی دەدات کە لایەنی کارگێڕی و نەبوونی پاڵپشتی دارایی، گەورەترین بەربەستن لەبەردەم پەرەسەندنی شانۆدا. زۆرینەیەکی ڕەها بە ڕێژەی (**٨٦.٣٪**) پێیان وایە سیاسەتی دارایی و کارگێڕیی حکومەت و ڕۆتینی بەرهەمهێنان، نەک هەر هاندەر نین بەڵکو ڕێگرن لەبەردەم دروستکردنی نمایشی نوێدا. ئەمەش بە تەواوی لە بڕگەی داهاتوودا ڕەنگدەداتەوە، کە تێیدا (**٩٨.٦٪**) ی بەشداربووان (کە بەرزترین ڕێژەی نارەزایەتییە لە تەواوی ڕاپرسیەکەدا) دووپاتی دەکەنەوە کە هیچ بوودجە و پاڵپشتییەکی دارایی بەردەوامی حکومی بۆ بەرهەمهێنانی نمایشەکان تەرخان نەکراوە.

نەبوونی پلان لە لای دامەزراوە فەرمییەکان کێشەکەی قورستر کردووە، چونکە (**٩٣.١٪**) ی بەشداربووان پێیان وایە بەڕێوەبەرایەتیی تایبەتمەند لە وەزارەتی ڕۆشنبیری خاوەنی پلان و ستراتیژێکی ڕوون نییە بۆ پاڵپشتیی گرووپە جیاجیاکانی شانۆ. ئەمەش کاری کردووەتە سەر چالاکییەکان، بە شێوەیەک کە (**٨٣.٦٪**) پێیان وایە لە پارێزگەی سلێمانی گرنگی بە ڕێکخستنی فێستیڤاڵە شانۆییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان نادرێت. سەرەڕای

ئەمانەش، لایەنی پاراستنی مێژووی هونەرەکەش فەرامۆش کراوە، چونکە (**٨٢.٢٪**) ی وەڵامدەرەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە گرنگیدانی دەزگا پەیوەندیدارەکان بە ئەرشیفکردن و دۆکیومێنتکردنی چالاکییە شانۆییەکان لە ئاستی پێویستدا نییە.

**تەوەری چوارەم: ڕۆڵی کۆمەڵگە (بڕگەکانی ١٦ - ٢٠)**

شیکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتیی شانۆ پیشانی دەدات کە پەیوەندی نێوان شانۆ و کۆمەڵگە پێویستی بە سەرنجی زیاترە. زیاتر لە نیوەی بەشداربووان بە ڕێژەی (**٥٧.٥٪**) پێیان وایە کلتوری شانۆدۆستی و ئامادەیی هاونیشتمانیان بۆ کڕینی بلیت و هاندانی چالاکیی شانۆیی لە ئاستی پێویستدا نییە. لە لایەکی ترەوە، لایەنی سانسۆر و ئازادیی کارکردن کێشەیەکی ڕاستەقینەیە، چونکە (**٥٨.٩٪**) پێیان وایە کارکردن لە شانۆدا لە هەڵبژاردنی دەقەوە تا نمایش، پارێزراو نییە لە مەترسی و سانسۆری ئایدیۆلۆژی، ئایینی، ئەمنی، سیاسی و کۆمەڵایەتی.

سەبارەت بە پاڵپشتیی دەرەکی، کەرتی تایبەت ڕۆڵێکی لاوازی هەیە، بەو پێیەی (**٨٠.٨٪**) پێیان وایە پاڵپشتیی کۆمپانیاکان بۆ وەبەرهێنان لە شانۆدا لە ئاستی بەرپرسیاریی شارستانیانەدا نییە. ئەم دۆخە وایکردووە گرووپە سەربەخۆکان بکەونە ژێر گوشارەوە، بە جۆرێک (**٥٤.٨٪**) لەو باوەڕەدان گرووپە شانۆییە سەربەخۆکان ناتوانن بەبێ پشت بەستن بە دامەزراوەی حکومی لە کار و چالاکی بەردەوام بن. هەروەها، میدیای خۆماڵیش نەبووەتە پاڵپشتێکی بەهێز، چونکە (**٧٩.٥٪**) ی بەشداربووان پێیان وایە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ڕیکلام و بەدواداچوونی هونەری هاوکار و پاڵپشتی بێجیاوازی بەرهەمە شانۆییەکان نین.

**تەوەری پێنجەم: ئاڵەنگارییە هونەرییەکان (بڕگەکانی ٢١ - ٢٥)**

لەم تەوەرەدا، شیکردنەوەی ناوەرۆکی داتاکان تیشک دەخاتە سەر لایەنی ناوخۆیی و کوالێتی بەرهەمەکان. لە ڕووی ناوەرۆکی دەقەکانەوە، (٦٨.٥٪) ی بەشداربووان پێیان وایە چیرۆکە مێژوویی و هاوچەرخەکانی کورد وەک پێویست لە بەرهەمە شانۆییەکاندا ڕەنگیان نەداوەتەوە. هاوکات، (٧٢.٦٪) پێیان وایە نووسەران و دەرهێنەرانی شانۆ لە سلێمانی نەیانتوانیوە کێشەکانی ناو کۆمەڵگەی شارنشین بگۆڕن بۆ گوتارێکی شانۆیی هاوچەرخ. بەڵام لە ڕووی ئاستی نواندنەوە، گەشبینییەک هەیە، چونکە ڕێژەی هاوڕایی گەیشتووەتە (٤٣.٨٪) کە پێیان وایە ئەکتەران توانیویانە هاوسەنگی لە نێوان تەکنیکەکانی نواندن و پەیامی دەقدا ڕابگرن.

ئاڵەنگارییەکی تر نەبوونی ڕەخنەی زانستیی کاریگەرە؛ چونکە (٧٨.١٪) ی بەشداربووان پێیان وایە ڕەخنەی شانۆیی زانستیانە لەگۆڕێ نییە تا کاریگەریی هەبێت لەسەر خوێندنەوەی نمایشەکان و باشترکردنی ئاستی هونەریی شانۆکاران. هەروەها، لە ڕووی فرەچەشنییەوە، شانۆ تووشی جۆرێک لە چەقبەستوویی بووە، بەو پێیەی (٦٠.٣٪) پێیان وایە بێجگە لە شانۆی درامی و داستانی، جۆرە جیاوازەکانی تری شانۆ (وەک ئۆپێرالی، سەمائامێز، و شانۆی سەر شەقام) لە پارێزگەی سلێمانیدا وەک پێویست نمایش ناکرێن.

**تەوەری شەشەم: خێزانی شانۆ (بڕگەکانی ٢٦ - ٣٠)**

ئەم تەوەرە کۆتاییە پەیوەندییە ناوخۆییەکانی نێوان هونەرمەندان و پێداویستییە ڕێکخراوەییەکانیان ڕوون دەکاتەوە. داتاکان کێشەی نێوان نەوەکان پیشان دەدەن، بەو پێیەی (٦٤.٤٪) پێیان وایە تەبایی، هەماهەنگی و دیالۆگی هونەریی کاریگەر لە نێوان نەوەکانی شانۆکارانی سلێمانیدا نییە. هەروەها، زیاتر لە نیوەی بەشداربووان بە ڕێژەی (٥٤.٨٪) پێیان وایە دەرفەتی گونجاو بۆ دەرکەوتنی گەنجان و وزە نوێیەکان لە نێو شانۆکارە ئەزمووندار و بەتەمەنەکاندا نەڕەخساوە. لە بەرامبەردا، لایەنی کارکردنی خانمان دۆخێکی باشتر نیشان دەدات، چونکە نزیکەی نیوەی بەشداربووان بە ڕێژەی(٤٩.٣٪) پێیان وایە دەرفەت و زەمینەی گونجاو بۆ کارکردنی خانمان لە بوارە جیاجیاکانی شانۆدا ڕەخساوە.

سەبارەت بە هاوپشتیی نێوان شانۆکاران، (**٦٩.٩٪**)ی ڕاپرسراوان ئاماژە بەوە دەکەن کە شانۆکاران لەناو خۆیاندا دەرهەق بە ئاڵەنگاری و کێشە گشتییەکان کۆدەنگ و هاوپشت نین. لە کۆتاییدا، بەرزترین کۆد و هاوڕایی لەم تەوەرەدا بۆ لایەنی یاسایی و پیشەیی بووە؛ بە جۆرێک کە زۆرینەیەکی ڕەها بە ڕێژەی( **٨٦.٣٪**) کە تێیدا (٤١.١٪ زۆر هاوڕان) دووپاتی دەکەنەوە کە شانۆکاران پێویستییەکی زۆر و حەتمییان بە سەندیکایەکی پیشەیی چالاکی تایبەت بە هونەرەکەی خۆیان هەیە تا داکۆکی لە مافەکانیان بکات.

**بەشی چوارەم/ بەرهەمی توێژینەوەکە**

**١– ٤. ئەنجامەکان و گەنگەشەکردنیان**

**١– ١-٤. ئەنجامەکانی شیکاری بڕگەی یەکەم (پانێڵی شانۆ وشار):**

١. تەوەری بابەتەکانی پانێڵەکە باشکردنی پەیوەندیی نێوان شار و شانۆ بوو لەڕێی هەماهەنگییەکی شارستانیانەتر لە نێوان شانۆکاران و دەزگا حکومی و ناحکومییە پەیوەندیدارەکان و کۆمەڵی مەدەنی و هەر لایەن و کە س و دەزگایەکی تریش کە خۆی بە خەمخۆری شار وشانۆ دەزانێت.

٢. پلانەکەی هۆڕێن غەریب بۆ کاراکردنی ڕۆڵی شانۆ لە سیستمی ئابووریی شاردا و پرۆژەکەی ئاراس عبدالله بۆ بەگەڕخستنێکی کاریگەر و پلانداری کەرتی پەروەردە وەک ژێرخانێکی پتەوی کلتورسازی لە شانۆدا و سەرنجڕاکێشانەکەی ڕێژەن جمال دەربارەی مەترسییەکانی بەنەریتبوونی سانسۆری ئەمنی لەسەر شانۆ، سێ تێزی کاریگەرو ستراتیژین بۆ بە شارستانیکردنی پەیوەندیی نێوان شار و شانۆ لە سلێمانی.

٣. پلانەکەی هۆڕێن ڕۆڵی کاریگەری دەبێت لە پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان شارو شانۆ لەڕوی ئابورییەوە، پرۆژەکەی ئاراسیش هەمان ڕۆڵی دەبێت لەڕوی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەوە، سەرنجەکەی ڕاژانیش لەڕوی پرسی ئازادییە گشتییەکان و سەربەستی لەکاری هونەریدا.

**٢ – ١ – ٤. ئەنجامەکانی شیکاری بڕگەی دووەم (ڕاپرسیی شانۆکارانی سلێمانی):**

**لەبەر ڕۆشنایی شیکردنەوەی وەسفیی داتاکاندا، توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەم ئەنجامە سەرەکییانەی خوارەوە:**

١. لەڕووی پرسەکانی تایبەت بە ژێرخان و تەکنیکەوە، ناڕەزایەتییەکی توند و بەربڵاو لە نێو پیشەگەراندا هەیە بەرامبەر بە نەگونجانی تەلارسازی و لاوازیی توانای تەکنیکیی هۆڵەکانی ئێستای شانۆ لە سلێمانی، لەگەڵ نەبوونی هۆڵی تایبەت لە گەڕەک و یەکە کارگێڕییە دەرەکییەکاندا.

٢. لەڕووی پەروەردە و خویندنی باڵاوە، فەرامۆشکردن و پشتگوێخستنێکی ڕوونی شانۆ لە سستمی خوێندنی باڵادا، بەتایبەت لەسەر ئاستی زانکۆکانی پارێزگەی سلێمانی هەیە،

بەتایبەت نەبوونی بەشی ئەکادیمی تایبەت تێیاندا، لەگەڵ بەهەند وەرنەگرتنی شانۆ لە پرۆگرامەکان و سستمی بەشەوانەکانی وەزارەتی پەروەردەدا.

٣. لەڕووی دارایی و بەڕێوەبردنەوە، سستمی کارگێڕی و دارایی حکومی بەهۆی ڕۆتین و نەبوونی بوودجەی بەردەوام و پلانێکی ستراتیژی ڕوون لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە، گەورەترین بەربەستە لەبەردەم گەشەو بزاڤی شانۆ لە سلێمانی.

٤. لەڕووی بەدەمەوەهاتنی کۆمەڵگەوە، کلتوری بلیت کڕین و سەردانی شانۆ لە ئاستی پێویستدا نییە، کەرتی تایبەت (کۆمپانیاکان) و دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی کەم و ناکاریگەر دەگێڕن لە سپۆنسەرکردن و ڕیکلامکردنی بێجیاوازی بۆ شانۆ.

٥. کۆدەنگی شانۆکاران لەسەر پێویستیی ڕێکخستنی یاسایی، دەرکەوتووە کە شانۆکاران لەسەر کێشە گشتییەکان کۆدەنگ نین، بەڵام پێویستییەکی توند و حەتمییان بە دامەزراندنی سەندیکایەکی پیشەیی چالاک هەیە بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانیان.

## ٢ – ٤. ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

**لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی سەرەوە، توێژەر ئەم ڕاسپاردە و چارەسەرانە پێشنیاز دەکات:**

١. بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و لایەنە حکومییە پەیوەندیدارەکانی تر بە شانۆوە : کارکردن بۆ دابینکردنی بوودجەیەکی ساڵانەی جێگیر بۆ پاڵپشتیی گرووپە شانۆییەکان، تەرخانکردنی ڕێژەیەک لە باجی سەر پرۆژەکانی کەرتی تایبەت بۆ بوژاندنەوەی شانۆ  و داڕشتنی پلانێکی ئەندازیاری بۆ نۆژەنکردنەوەی هۆڵەکان بەپێی ستاندارد مۆدێرن، پابەندکردنی پرۆژە نیشتەجێبوونە نوێیەکان (بەتایبەت سیتییەکان) بە دروستکردنی هۆڵی شانۆ و سەنتەری ڕۆشنبیری، گواستنەوەی چالاکییەکان بۆ قەزا و ناحییەکانیش.

٢. بۆ وەزارەتەکانی خوێندنی باڵا و پەروەردە  :بەرزکردنەوەی ئاستی ئەکادیمیی بوارو ژانرە جیاجیاکانی هونەرەکە لە ڕێگەی کردنەوەی بەشی شانۆ لە زانکۆکانی سنووری پارێزگەی سلێمانی، و دەرکردنی بڕیار بۆ زیادکردنی وانەیەکی سەربەخۆی شانۆ (لانیکەم بە دوو وانە لە هەفتەیەکدا) لە قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەییدا.

٣. بۆ کەرتی تایبەت و میدیاکان : هاندانی کۆمپانیاکان بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتییان لە ڕێگەی وەبەرهێنان و سپۆنسەرکردنی ڕاستەوخۆی نمایشەکان، دروستکردنی هۆڵی شانۆ، هاوکات پابەندکردنی ڕاگەیاندنە ناوخۆییەکان بە تەرخانکردنی کات و ڕووبەری گونجاو بۆ ڕیکلامی شانۆیی بەبێ جیاوازی.

٤. بۆ ناوەندی هونەری و شانۆکاران :خێراکردنی هەنگاوەکان بۆ دامەزراندنی سەندیکایەکی پیشەیی و سەربەخۆ کە تایبەت بێت بە خێزانی شانۆ، بە ئامانجی یەکخستنی گوتاری شانۆکاران، داکۆکیکردن لە مافە دارایی و یاساییەکانیان، و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ گەنجان و خانمان.

٥. بۆ وەزارەتی پەروەردە: گرنگە گرنگیی زیاتر بە وانەکانی هونەر بەگشتی و بەتایبەتی هونەری شانۆ لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا بدرێت، لە باخچەی ساوایانەوە تا کۆتایی قۆناغی ئامادەیی، تاکوو خوێندکاران لە بنچینەوە بەم هونەرە ئاشنا بن و لە ئایندەدا وەک بینەرێکی هۆشیار و خاوەن ئەزموون بۆ شانۆ پێ بگەن.

**سەرچاوەکانی تویژینەوەکە:**

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان**

بەرزنجی، یاسین قادر. (٢٠٠٧) .*شانۆی کوردی – ئەرشیف و تێکست، نمایش و بینەر* (چ ٢). بڵاوکراوەکانی تیپی شانۆی سالار (گۆڤاری شانۆ، کتێبی ژ٤)، چاپخانەی تیشک.

پیربال، د. فەرهاد. (٢٠٠١) .*مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردیدا لە کۆنەوە تا ١٩٥٧* . بڵاوکراوەی وەزارەتی پەروەردە (ژمارە ٧١)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

جامی، نیهاد. (٢٠١٠). شانۆکاری کـورد و ئەرکیۆلۆژیای شانۆ .*گۆڤاری شانۆ*، ٣(١٧)، ١١–١٤. چاپخانەی کارۆ.

حەمەئەمین، گۆران بکر، و سعید، د. سەردار محمود. (٢٠٢٦). کارکردنی دیداکتیکیانەی دەرهێنەر لەگەڵ ئەکتەردا – شانۆگەریی (زریان) ی فازڵ جاف بە نموونە .*گۆڤاری قەڵای زانست*، ١١(٣). زانکۆی لوبنانی فەرەنسی.

حەمەڕەشید، ڕزگار. (٢٠٢٦) .*شانۆ و ڕەخنەی شانۆیی* (کتێبی ژمارە ١٤١٥). دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

ڕەشید، ئەنوەر قادر. (٢٠١٢) .*پۆست مۆدێرنە و چەند بابەتێکی شانۆیی* .بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

زێوەر، عەبدوڵڵا. (٢٠٠٣) .*دیوانی زێوەر* (مەحمود زێوەر، کۆکەرەوە و لێکۆڵەر). بڵاوکراوەی ئاراس.

سالار، أحمد. (٢٠٠٨). شار و شانۆ .*گۆڤاری شانۆ*، ٢(٧)، ١١–١٤. چاپخانەی کارۆ.

تەنیا، حەسەن. (١٩٨٥) .*شانۆ و شانۆی کوردەواری* .دار آفاق عربية للصحافة والنشر.

فەڕشی، برایم. (١٩٩٤) .*ئەگەر شانۆ لە کوردستان مردبێ، چی زیندووە؟! (باس و لێکۆڵینەوە لەسەر شانۆی باشووری کوردستان)* .بێ چاپخانە.

قەرەداغی، بورهان. (٢٠١١) .*شار و شانۆ* .بڵاوکراوەکانی فێستڤاڵی شانۆی نێودەوڵەتیی هەولێر.

مستەفا، دڵشاد. (٢٠٠١). یادەوەریی بینین .*گۆڤاری گەلاوێژی نوێ*، (٢٥)، ٢١٠–٢٢٩.

الوردی، د. عەلی. (١٩٩٨). سروشتی شارستانێتی (سەردار محمود، وەرگێڕ) .*گۆڤاری شەبەنگ*، (٦)، ٥٦–٧١

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان (المصادر العربية)**

إيمار، موريس. (٢٠١٢). عندما تعيش الحضارات طويلاً حقائق الماضي وتحديات الحاضر .*مجلة ديوچين*، (١٦٢/٢١٨). مركز مطبوعات اليونسكو.

ديورانت، وِل. (٢٠٠٨) .*قصة الحضارة* (مج ١؛ زكي نجيب محمود، مترجم). دار نشر نوبلس.

سعيد، سەردار محمود. (٢٠١٧) .*قيم الموروث الأدائي في التمثيل المسرحي الكردي المعاصر – مقاربة سوسيو سايكولوجية* [أطروحة دكتوراه غير منشورة]. أكاديمية الفنون، المعهد العالي للفنون المسرحية.

لطيف، نياز. (٢٠١٠) .*إشكالية السينوغرافيا في العرض المسرحي الكردي* [رسالة ماجستير غير منشورة]. جامعة صلاح الدين، كلية الفنون الجميلة، قسم الفنون المسرحية.

الوردي، د. علي. (١٩٩٤) .*مهزلة العقل البشري* (ط ٢). دار كوفان للنشر.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان (English Sources)**

Bourdieu, P. (1993). *The Field of Cultural Production: Essays on Art and Literature*. Columbia University Press.

Brecht, B. (1964). *Brecht on Theatre: The Development of an Aesthetic* (J. Willett, Trans.). Hill and Wang.

Carlson, M. (1989). *Places of Performance: The Semiotics of Theatre Architecture*. Cornell University Press.

Lefebvre, H. (1991). *The Production of Space* (D. Nicholson-Smith, Trans.). Blackwell Publishing.

Lehmann, H. T. (2006). *Postdramatic Theatre* (K. Jürs-Munby, Trans.). Routledge.

Makeham, P. (2005). Performing the city. *Theatre Research International*, 30(2), 150-160.

Rashidi Rostami, M. (2015). *Theatre and Cultural Nationalism: Kurdish Theatre under the Baath, 1975-1991* [Unpublished doctoral dissertation]. University of Exeter.

Toynbee, A. J., Somervell, D. C., & Radović, R. (1972). *A study of history* (Vol. 12). Oxford University Press

**دەربارەی دامەزراوەی ڤیژن**

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی(VFSS) ، ناوەندێکی سەربەخۆی توێژینەوە و داڕشتنی سیاسەتە. ئامانجی ئەم دامەزراوەیە بەرهەمهێنانی توێژینەوەی بەڵگەدار و شیکاریی ستراتیژییە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان.